تایەفە مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق

د. جەمیل عیسا کەریم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



چاپی یەکەم

2026

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

تایەفە مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق

د. جەمیل عیسا کەریم

هەولێر ٢٠٢٦

- ناوی کتێب: تایەفە مەسیحییەکانی کوردستان و عێراق
- نووسەر: د. جەمیل عیسا کەریم
- بابەت:مێژوویی
- دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: سەید ئارام
- تیراژ (٥٠٠) دانە
- چاپخانە:
- ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ( )ی ساڵی (٢٠٢٦)ی دراوەتێ.

پێشکەش

- بە گیانی دایک و باوکم، خوا لێیانخۆش بێت: (عیسا کەریم و ساری یەلدا).
- بە هەردوو برا ئازیزەکانم: کاک صلیوە عیسا و مامۆستای هونەرمەند سەخریا عیسا (خوا لێیانخۆش بێت).
- بە هەموو ئەوانەی خاک و وڵاتیان خۆش دەوێت.
- بە گشت خوێنەوار و توێژەرەکان.
- بە دایکی ماریزابیل (جوڵێت تۆما عیسا).
- بە کچە تاقانەکەم (دایکی ئیلۆرا) ماریزابێل جەمیل عیسا.

د. جەمیل عیسا

پێشەکی

لە عێراق و کوردستان، ژمارەیەک لە تایەفەی ئاینی مەسیحی هەیە، ئەم تایەفانە کاریگەریان هەیە لەسەر گشت عێراق و دەرەوە، بەهۆکاری پەیوەندییە ڕۆحانیەکان و کەنیسەکانیان کەوا پەیوەندییان هەیە لە نێوان مەسیحییەکان و پاپادا، ئەم تایەفانە کەوتونەتە ژێر پاڵەپەستۆی حکومەتەکانی عێراق و بەتایبەتی لەسەردەمی بەعسیەکان دا، کە بەزۆرداری بە عەرەب تۆمار دەکران، دیارە ئەم بابەتە زۆر هەستیارە، چونکە مەسیحییەکان خۆیان بە (کلدۆ ئاشور سریان) ناو دەبەن لە ڕووی نەتەوایەتی داو بە ئایین مەسیحین کە هەمیشە بیرو باوەڕیان چەسپاوەو

پـێش ئیسـلامیش لەم ناوچـانەداو لە نێـوان دوو ڕووبـارەکە دەژیـن وە خـاوەن زمـان و خـاک و بیـرو بـاوەڕو ئـاینی خۆیـان هەیە، لەسـەرەتای سـەدەی یەکەمـی زاینـی دا لەسەردەسـتی حەواریەکـانی مەسـیح لە مـار تۆمـا دەسـت پـێ دەکات و مـار مـاری و مـار ئەدەی ئەوانـی تـریش بڕەویـان بە بڵاوکـردنەوەی ئـایینەکە داوەو داب و نەریـت و بـۆنەو ئـاینی تـایبەت بە کەلتـورو پێشـکەوتن و شارسـتانیەتی داوەو نمـونەی پێشـکەوتن و پـاک و بـێ گەردی و دڵسـۆزی بـۆ گەل و خـاک و نیشـتمان هەیە، دیـارە نـامەی عیسـای مەسـیح بـۆتە یاسـایەکی ئـاینی بە پـێ ی ئەوەی کە لە ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆزدا هـاتووە لە پەرستن و عەقیدەو بڕوا بوون بە خودا بەبێ هـیچ مەبەستێکی ڕق و قینەو توندڕەوی و دەمـارگیری دژی مرۆڤـایەتی، فەلسـەفەی یۆنـانی لەسـەردەمی

ئەرستۆو ئەفلاتون کاریگەریان لەسەر بیرو بروای ئاینی هەبووە لەبەر ئەوەی لایەنی جیاواز وەردەگرێت بۆ چارەسەری کاروباری ژیان (ئاینی و دونیایی) هەر بۆیە ڕەخنەگرانی فەیلەسوفەکان دەستیان کرد بە وەرگێڕانی تەورات (العهد القديم)[1]، وە بەراودرکردنی بە دەقەکانی (ئینجیل)، (العهد الجديد)[2]،بۆ ئاشکرا کردنی ڕاست و ڕەوایی ئەوەی لە مێژوودا باسکراوە، خۆی چوار

---

(١) (العهد القديم): جووەکان پارێزگاریان لە دەقە پیرۆزەکانی خۆیان کردووە، وەکو بەشێک لە کەلتوری مێژوویی خۆیان..

(٢) (العهد الجديد): مەسیحییەکانیش پارێزگاریان لە داب و نەریت و ئاینی خۆیان کردووە بە دانانی (چوار ئینجیل و نامەی حەواریەکان (قوتابیانی مەسیح: مەتی-لۆقا- مرقس- یوحنا) دواتر پەترۆس و پولس و یەعقووب کردیان بە (العهد الجديد)..

بەشە، یەکەمیان کاثولیک و جۆرەکانیان دووەمیان مەزهەبی ئەرسۆزوکسی و بەشەکانیان.

بەشی سێیەم: بریتییە لە مەزهەبی پرۆتستاتی و ئەنگلیکانی و کاریگەری کەنیسەی جیهانی لە تایەفەی (سەبتییەکان)

لە بەشی چوارەمدا هاتووە تایەفەی ئاشوریەکان و دواترین یانەی تایەفە مەسیحیەکان لە عێراقدا.

هیوادارم کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە و لە کەم و کورتییەکان ببوورن و هەربژین.

د. جەمیل عیسا کەریم

عەنکاوە- هەولێر

٢٠٢٥/١٢/٢٤

بەشی یەکەم

- نێردراوەکانی بڵاوکردنەوەی ئاینی لاتینییەکان
- دەوڵەتی ڤاتیکان.
- پلەداری پیاوانی ئایینی
- مەزهەبی کاثولیکی.
- تایەفەی کلدانی کاثۆلیک (کاسولیک).
- تایەفەی سریانی (کاثولیک) کاسۆلیک).
- تایەفەی ڕۆمی کاسۆلیک.
- تایەفەی ئەرمەنی کاسۆلیک.
- پەیمانکەی مار یۆحەنا الحبیب لە مووسڵ

کورتە باسێک لەسەر نێردراوە
موژدەبەخشە لاتینییەکان

تاوەکو سەدەی حەڤدەهەم لە عێراق، تەنها دوو مەزهەب هەبوو لەناو مەسیحیەکان ئەوانیش (السریان ئەرسۆزۆکس) (یەعقوبیەکان) و (نەستوریەکان- ئاسوریەکان) [٣] بوون.

کەنیسەی خۆرئاوای لاتینی ویستی کەوا خەڵکی خۆی هەبێت لە خۆرهەڵات، بۆ ئەو مەبەستە هەڵسا بە ناردنی موژدە بەخشەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی خۆیان، سەرەتا لە لوبنان گردبوونەوە، دواتر لە (حەلەب) وە لە حەلەب ئەو

(٣) مووسڵ لەسەردەمی عوسمانی، د. عماد عبدالسلام رؤوف، ص٣٢٥.

مـــوژده بەخشـــە نێـــردراوانە ڕووبـــان کـــردە خـۆرهەڵات، واتە عێـراق، ئێـران، هیندسـتان، وە لە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤـدەهەم مـوژدە بەخشـە نێردراوەکـانی باوکـانی کەرمەلیەکـان سـەردانی موسـڵیان دەکـرد، ئەوانە بەڕێگـاوە بـوون بەرەو ئێـران و بەغـدا[٤]، توانیـان لە بەغـدا مەڵبەنـدێک بۆخۆیـان دابمەزرێـنن لە سـاڵی ١٧٣١وە تـاوەکو ئێستا.

هەروەهـا موژدەبەخشـی نێـردراوی ڕەبەنەکـان (ڕەبەنە کابوشـــییەکان) ئەوانـــیش یەکەم جـــار گردبوونەوەیەکیـان لە ئێـران بـوو، دواتـر هـاتنە کوردســـتانی عێـــراق (نێـــوان دوو ڕووبـــارەکە)

(٤) لومون، الترجمة العربية، ص٦٢٥..

بنکەیەکیان لە بەغدا دامەزراند لە ساڵی ١٦٢٨ و یەکێکیان نوێنەری فەرەنسا بوو لەناویاندا[٥]،

ئەمانە توانیان یارمەتی و هاوکاری وەرگرن لە نێردراوە دیبلۆماسیەکانی بێگانەکان وە بەتایبەتی فەرەنسیەکان بۆ ئەوەی بگەن بە هەندێ لە مەسیحیەکان و بیانکەن بە (کاثۆلیک) لە ڕێگەی فەرمانبەری (وەزیفە)و پلەو پایەو یان یارمەتی دارایی.

وە لە ساڵی ١٦٣٦ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بە دامەزراندنی بنکەیەک لە مووسڵ، وە پێکهێنانی وە یان دروستکردنی بناغەی کاثۆلیکی لە نەستۆریەکان کە دواتر ناویان نا (کلدان) بەڵام ئەمانە کابووشیەکان ناچاربوون مەڵبەندەکەیان لە مووسڵ دابخەن ساڵی ١٧٢٤ز، لە مووسڵ

(٥) الموصل في العهد العثماني، د. عماد عبدالسلام، ص٣٢٧..

دەربچـــن[٦]، و تـــاوەکو ســـاڵی ١٧٤٧ز تەنهـــا دە خێزانـــی کلـــدانی لە مووســـڵ هەبـــوو، هەروەهـــا دە خێزانی سریانی کاثۆلیک[٧].

بەڵام تایبەتمەنـــد بە یـــارمەتی و پشـــتگیری نێـــردراوە دبلۆماســـیەکانی بێگـــانە بـــۆ ئەو نێـــردراوانەی بڵاوکـــردنەوەی ئـــاینی ئەمەیـــان فەرمانێک بـوو هەردوو لایەنـی جیـاواز نەبـوو لە پەرتـــووکی (کـــورتەی مێژووەکـــانی کەنیســـەدا هـاتووە) کە لەلایەن دارەکەی فەرەنسـا (لۆفـۆن) دا دەڵێ: لە نیوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەدا هـاتووە وەکو نمـوونەیەکی ئەمـانەت و ئیسـراحەت ئـازادی بۆ کاثۆلیکە خۆرهەڵاتیەکان.

---

(٦) المصدر نفسه... (هەمان سەرچاوە)

(٧) المصدر نفسه (هەمان سەرچاوە) لاپەڕە ٣٣٢

تەنهـــا بە هەولّـــی دەولّەتە خۆرئاواییەکـــان وە بەتـــایبەتی فەڕەنسـیەکان و نەمســـاویەکان وە بە هاندانی پیاوە ئایینیەکانی ڕۆمانی[٨].

مامۆستا عماد عبدالسلام دەلّێت بەتریریکەکانی نەستوری و بەتریریکەکانی یەعقوبیەکان ڕێگایاندا بە تەوژمـــی مەزهەبـــی (کـــاثۆلیکی) کە لەلایەن فەڕەنسیەکان پارێزگاری دەکران لە ڕێگای سۆزی دەسـەلّاتدارەکان کەوا ئەو کاسۆلیکانە هاوکاری دەکەن لەگەلّ موژدەبەخشـــەکانی ئەورووپـــی کە ئەمانە بێگانەن[٩].

لە ســـاڵی (١٧٥٠ز) گرنگتـــرین موژدەبەخشـــی لاتینـــی گەیشـــتە مووســـل ئەمـــانەش (بـــاوکە دومینیکانیەکـــان) بـــووون، ئەم نێـــردراوانە ســـەرکەوتوو بـــوون بە ڕاکێشـــانی پشـــتگیری

---

(٨) مێژووی (لۆمۆن) لاپەڕە ٥٨٨، فەڕەنسا.

(٩) مووسڵ لەسەردەمی عوسمانیدا لاپەڕە٣٢٨.

عوسمانیەکان، بەهۆی پێشکەشکردنی کارگوزاری پزیشکیانەوە.

وە یەکەم کار کە پێی هەڵسان کردنەوەی قوتابخانە بوو لە مووسڵ بۆ خوێندنی زانستەکان و زمانی فەڕەنسی بەناوی (قوتابخانەی باوکانی دومینیکان)[١٠].

هەروەها چاپخانەیەکیان دامەزراند کە بە زمانەکانی عەرەبی و فەڕەنسی و سریانی چاپی دەکرد، وە لە ساڵی ١٩٠١ ز یەکەم گۆڤاری مەسیحییان لە مووسڵ دەرکرد بە زمانی فەڕەنسی بەناوی (أكليل الورد) دواتر پەیمانگای ئاینیان دامەزراند بۆ دەرچوانی (قەشە) (القسيس) بەناوی (پەیمانگای مار یوحنا الحبیب – معهد مار يوحنا الحبيب) کە تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە[*].

---

(١٠) ذخيرة الاذهان، لمؤلفه بطرس نصري، ص٤٤٤..

(*) لەدوای هاتنی داعش لە ٢٠١٤ز داخراوە، (دانەر)...

باوکه دومنیکانیەکانی لاتین سەرۆکایەتی نێردراوەکانیان دەکرد، کارەکانیان تەنها لە مووسڵ نەبوو بەڵکو سەردانی گوندەکانی دەوروبەریان دەکرد، هەروەها هەندێکیان دەچوونە ناوچە شاخاویەکان، وە فێری زمانی کوردی دەبوون، یەکێک لەوانە ناوی (مۆریس) بوو پەرتوکێکی دانا بەناوی (اصول النحو) وە فەرهەنگێکی کورت بە زمانی کوردی چاپی ڕۆما بۆ سوودوەرگرتنی نێردراوەکان[١١].

دومنیکاییەکان توانیان مەڵبەندێک لە ئامێدی بکەنەوە بەڵام دواتر داخرا، وە تەنها مەڵبەندی مووسڵ مایەوە، کە تاوەکو هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەشێک لە باوکانی لاتین لەو شوێنەدان تاوەکو ئەمڕۆ.

---

(١١) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٣٥٧..

دەوڵەتی فاتیکان[١٢].

بـریتیە لە دەوڵەتێکـی بچـووک، کە مەڵبەنـدی سـەرەکی کورسـی پاپـایەو کیـانێکی یاسـایی و مەعنەوی تایبەت بە (پاپا)هەیە[١٣]. کە بە سەرۆکی

---

(١٢) فاتیکان (رۆمـا). ئەمە بارەگای کورسـی پاپایە، ناوەکەی لەوەدا هـاتووە بەنـاوی ئەو گـردەیە کە دەکەوێـتە نزیـک شـاری (رمـادفن) کە قەدیـس (پەتـرۆس) ی تێـدایە کە حەزرەتـی مەسـیح کـردی بە سـەرۆکی قوتابیەکـانی، وە لەسـەر قەبـرەکەی گەورەتـرین کەنیسـە لە جیهـان دروستکراوەو بەنـاوی ئەو نـاونراوە، وە لە دەوری ئەو کەنیسـەیەو بە تێپەڕبـوونی چەندین سـاڵ پاپاکـان شـوێنی تریـان دروستکرد بـۆ ڕاهـی کردنـی کاروبارەکانیـان و کاروباری کەنیسە لە ڕووی ئایینی و دونیایی دا بۆ هاسان کـردن و یارمەتیـدانی پاپـا بـۆ سەرپەرشـتی کردنـی بەرژەوەنـدی مەسـیحییەکان لە هەمـوو جیهانـدا لەسـەر سیسـتەمی بەڕێـوەبردنی دەوڵەت و پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکان.

(١٣) پاپـا وشـەیەکی لاتینـیە بە واتـای بـاوک، پاپـا سـەرۆکی ڕۆحـی یە مەرجەعـی ئـایینی یە بـۆ هەمـوو کەنیسـەکانی کـاثۆلیکی و بارەگـاکەی فاتیکـانە، پێشـتر وشـەی پاپـا بـۆ

ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتەو سەرۆکی کەنیسەی کاثۆلیکی لە جیهان دادەنرێت.

فاتیکان دەکەوێتە نزیک شاری رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا ڕووبەرەکەی (٤٤)کم[٢]، ژمارەی دانیشتوانی (١٠٠٠) هەزار کەس دەبێت هەموویان (کاردینال)و مەتران و ئەسقەفەکان دەگرێتەوە، وە ئەگەرچی بچووکە بەڵام کاریگەری رۆحی و مەعنەوی لەسەر جیهان هەیە، (جیهانی مەسیحی) کە پابەندن پێوەی و ژمارەیان بە پلەی یەکەم دێت لە هەموو جیهان (زیاتر لە ملیارێک و نیو دەبن) بەڵام ڕەگەزنامەی فاتیکان بەشێوەیەکی کاتی دەدرێت و هیچ پەیوەندی نیە بە یەکێک کە فەرمانبەر بێت لە فاتیکان سەرەڕای ڕەگەزنامەی

هەموو پیاوانی ئاینی بەکاردەهات، بەبێ جیاوازی بەڵام لەسەدەی پێنجەمەوە تەنها بۆ ئەسقەفی و رۆما خەلیفەی مار بتروس بەکاردێت کە سەرۆکی کەنیسە کاثۆلیکیە و بەس،

ئەســـڵی خـــۆی، وە لەکـــاتی تەواو بـــوونی کارگوزاریەکـــانی ئەوا ڕەگەزنـــامەکەی لـــێ وەردەگیرێت و دەبێتە هـاوڵاتیەک لەنـاو دەوڵەتـدا کە لێـوەی هـاتووە، واتە پـێش خزمەتەکـانی لە فاتیکاندا.

هەڵبژاردنـی پاپـا ئەوکـاتە دەکرێـت کە کورسـی پاپـــا بەتـــاڵ بێـــت لەکـــاتی مردنیـــدا لەلایەن کاردینالەکانەوە کە سـەر بە کەنیسـەی کاسـولیکن، پاپـا کۆمەڵێـک یاریـدەدەری هەیە بـۆ ئیـدارەدانی کاروبـاری دەوڵەت، چـونکە کۆمەڵێک پێـی دەڵـێن کۆمکـاری ڕۆمـانی کە بەپێـی پسـپۆریەکانی کـار دەکات، وە بۆ هـەر کۆمکارێک سەرۆکێکی هەیە بە پـلەی (کاردینـال) و (ئەمـین سـرو یاریـدەدەری ئەمین سڕ) یاریدەدەری دەکەن لەگەڵ فەرمانبەران لەهەموو ڕەگەزە جیاوازەکان لە خاوەن پسپۆڕی و تواناسـازی و کـارامەییە بەرزەکانـدا، ئەمـانە

لەلایەن پاپاوە دادەمەزرێن بۆ ماوەی پێنج ساڵ و بۆی هەیە نوێ بکرێتەوە، وە بۆ ئەو کۆمکارانە ڕاوێژکاریان هەیە لە هەموو ولاتانی جیهان دا لەلایەن پاپاوە دادەنرێن.

بۆ گشت ئەو کۆمکارانە (ئەمانەی سڕی گشتی) هەیە لەلایەن پاپاوە دادەمەزرێن وە ئیعتیبار دەکرێت بە یاریدەدەری یەکەم و ڕاستەوخۆی قەداسەتی پاپاو بەرپرسیاری گشتی لە ئیدارەدانی کۆمکارەکان، وە لەهەمان کاتدا هەڵدەستێ بە کاروباری وەزیری دەرەوە لە دامەزراندنی نوێنەرو دیبلۆماسیەکان و نێردەی پاپا[١٤]. یان نوێنەری پاپا- القاصد الرسولی، وە ئەم بەشانەی پێوە بەستراوەتەوە:

---

(١٤) القاصد الرسولي: ئەمە نوێنەری پاپایە لە ولاتەکان کە کاثولیکی لێ یە، لە نێوان ئەوان و فاتیکاندا پەیوەندی دیبلۆماسی نیە.

١- بەشی ئیدارە (کارگێری) قسم الادارة.
٢- بەشی نامەکان (قسم المراسلات).
٣- بەشـــی هاوکـــاریە خێرخوازیەکـــان (قســـم التبرعات الخيرية).
٤- بەشـی پاداشـتەکانی پاپـایی- (قسـم الاوسـمة الپاپاوية).
٥- مەکتەبی ڕاگەیاندن- مكتب الاعلام.

دەوڵەتی فاتیکان نوێنەرو چاودێری هەیە لەناو دەزگـــا نێودەوڵەتیەکانـــدا وەکـــو نەتەوە یەکگرتووەکـــان و ڕێکخراوەکانیـــان، هەروەکـــو ڕێکخـــراوی خـــۆراکی نێـــودەوڵەتی و ڕێکخـــراوی یونسکۆ.

بەڵام گرنگتـــرین کۆمکارەکـــان کە بەشـــێکی زیندووی کیانەکە پێکدێنن ئەمانەن:

١- کۆمەڵەی عەقیدەو باوەڕی پیرۆز- مجموعة عقیدة الایمان المقدس. تایبەتە بە کاروباری باوەڕداری و ئاداب.

٢- کۆڕی کەنیسەی خۆرهەڵاتی: مجمع الکنائس الشرقیة. کارەکانی تایبەتمەندە بە کەنیسەکانی خۆرهەڵات و دەزگایەکی کاریگەری هەیە لەگەڵ دەزگایەکی ڕاوێژکاری، لە کاردینال و بەتریریکەکانی خۆرهەڵات.

٣- کۆڕی سروتە ئاینییەکان- مجمع الطقوس الدینیة، تایبەتە بە فێرکردنەکانی ئاینی.

٤- کۆڕی ئەکلیرۆس- تایبەتمەندە بە کاروباری پیاوانی ئاینی کاثولیکی.

٥- کۆڕی ڕەبەنەکان (نێرو مێ) مجمع الرهبانیات.

٦- کۆڕی مەترانەکان تایبەتمەندە بە توێژنیەوەی کاروباری ئاینی لە جیهانی مەسیحی وە لەگەڵ پاپا کۆدەبنەوە هەر (٣) سێ ساڵ جارێک، وە

یـان بەپێـی پێویسـتی، یـان ئـارەزووی پاپـا و کۆمکـــــار، هەنـــــدێک لە کاردینالەکـــــان و پەتریریکەکـــــان خۆرهەڵاتیەکـــــان، کە لەلایەن تایەفەکانیان هەڵبژێردراون لە وڵاتانی جیهاندا.

پلەداری پیاوانی ئاینی
بەپێی ڕێکخستنی قوچەکی
لای مەزهەبی کاثۆلیک و لای هەر تایەفەیەک

١- پاپا: ئەوە سەرۆکی باڵای ئایینیە بۆ گشت کاثۆلیک لە جیهاندا.

٢- کاردینال: پلەو پایەکی ئاینی یە لە خۆرئاوا بەکاردێت، سەر بە پاپان.

٣- بەتریریاک: ئەوە پلەیەکی ئاینی خۆرهەڵاتیە، ئەو سەرۆکی ئاینی باڵایە بۆ تایەفەکەی خۆی، سەر بە پاپایە لە ڕوی مەعنەوی، وە سەرۆکی ئەنجومەنی ئەسقەفەکانە بۆ یەک تایەفە.

٤- مەتران: سەرۆکی ئەسقەفەکانە، سەرۆکی ئەبرەشیەی ئاینی و ئیداریە (کارگێڕیە).

٥- ئەسـقەف: ئەمە لە ڕووی ئیـداری لە مەتـران بچووکترە.

٦- خوری: ئەمە لە ڕووی ئاینی (قەشەیە) بەپێ ی ئیمتیاز شەرەفێکی فەخریە.

٧- قەشـە: ئەوە یاریـدەدەری ئەسـقەفە وە یـان مەتـرانەو هەڵدەسـتێ بە هەڵسـوڕانی کەنیسـەی خۆجێێتی.

٨- شـەماس: بـایەخ دەدات بە کاروبـاری کەنیسـە (خزمەتکاری).

٩- ڕەبەن: وە یـان ڕەبەنەکـان، ئەمـانە کـۆمەڵێکن دەژین ژیانێکی هاوبەش ماددی و ئیداری.

پەیمانگای مار یۆحەنا الحبیب لە مووسڵ

ئەم پەیمانگایە پێش زیاتر لە سەدەیەک لەلایەن باوکانی دۆمنیکان دامەزراوە، لەسەرەتادا لەناو بینایەیەکی نزیک لە کەنیسەی لاتینی ئێستا دامەزراوە، بەڵام ئێستا ئەو بینایە لەلایەن (ڕاهبات) ی دۆمیکیات بەکاردێت(*). دواتر گواستراوەتەوە بۆ بارەگای ئێستای کە ئەوکات قونسلیەی فەرەنسی بوو لە مووسڵ.

(*) لە ساڵی ٢٠١٤ هاتن و تاوەکو داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)..

مەبەست لە دامەزراندنی ئەم پەیمانگەیە

مەبەست لە دامەزراندنی پەیمانگای ئاینی یەو بەس، واتە بۆ دەرچواندنی باوکانی ڕووحییە بۆ خزمەتکردنی کەنیسەی کاثۆلیکی لە عێراق (واتە قەشە).

قۆناغەکانی خوێندن

خوێندن لەهەموو قۆناغەکان بە زمانی فەرەنسی یە لە پاڵ زمانی عەرەبی و سریانی، ماوەی خوێندن پێشتر (١١) یانزە ساڵ بوو، قوتابیەکانی دەرچووی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییان وەردەگرت لەهەردوو تایەفەی کلدانی و سریانی، لێرەدا دوو قۆناغی خوێندن هەبوو، قۆناغی یەکەم ماوەکەی (٥) پێنج ساڵ بوو کە قوتابی فێری زمانی فەرەنسی و عەرەبی دەبوو بۆ ئەوەی لە خوێندنی بااڵ دەربچێت، وە لە قۆناغی دووەم کە ماوەکەی (٦) ساڵ بوو، دوو ساڵ بۆ خوێندنی فەلسەفە بوو، چوار ساڵ بۆ خوێندنی زانستەکانی لاهووتی بوو.

لەدوای ئەمەش تاقیکردنەوەی قوتابی دەکرا بۆ ئەوەی دەربچێت و بریار لە چارەنووسی بدرێت، لەباری دەرچوونیدا دەبوو بە (قەشە) سوێند دەخوات کەوا ژن ناهێنێت و ژیانێکی خوا پەرستی و تاعەت کردن دەژی و گوێرایەلی سەرۆکە ڕوحانیەکانی خۆی دەبێت، ئینجا بە قەشە دادەمەزرا، لەلایەن سەرۆکی ئەسقەفەکەی لە ئەبرەشیەکەیدا، وە یان لەلایەن مەترانەکەی لە یەکێک لە کەنیسەکاندا کە لەناو شاردا بێت وە یان لە گوندەکان، ئەو قوتابیانەی کە لەو پەیمانگایەدا بوون (پەیمانگای مار یوحنا الحبیب) لە مەسیحییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوون، لەگەڵ نەینەوادا لەبەر ئەوەی ڕۆلەکانی تایەفەی کاثۆلیکی قەبول ناکات بۆ ڕۆلەکانی تایەفەی ئەرثۆدۆکس وە یان ئاسووریەکان بەهۆی جیاوازی لە فێرکردنەکانیاندا لە ڕووی

ئاینی لەگەڵ مەزهەبی کاثۆلیکی، پەیمانگاکە پێشتر ژمارەیەکی زۆری تێدابوو کە ژمارەیان لە نێوان سەد بۆ سەدو پەنجا خوێندکار بوو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، دواتر ژمارەکە بەرەو کەم بوونەوە چوو بەهۆی بارودۆخی ئاینی سەخت و ئەو یاسایانەی دەردەچوون کە بەسەر خوێنکارەکاندا دەسەپێندرا تا وای لێهات ژمارەی دەرچووەکان لە سالآنی حەفتاکاندا نەدەگەیشتە (٥) قەشە، بەڵام ئێستا لە پەیمانگەدا نزیکەی (٣٠) سی خوێندکار هەیە، ئەمانە لە قۆناغی یەکەم دان لەدوای دەرچوونیان واز دەهێنن، وە یان خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات بەهۆی ئەوەی ژیانی قەشایەتی پێ بەڕێوەناچێت وە یان ناتوانێ لەگەڵ داخوازی لاوانی ئەو سەردەمە بگونجێ وە بە تایبەتی ژیانی هاوسەری.

کارگێڕی و دارایی: (الادارة والمالية)

ئەوکـــات لەلایەن قەشـــە فەرەنســـیس شـــێر لەدایکبووی قەزای شـەقلاوە ١٩٣٩ و یاریدەدەری دوو قەشـە حەنـا تۆمـا بـاکۆ لەدایکبـووی، نـاحیەی حەمـدانیە (قەزایە ئێسـتا) لە دایـک بـووی سـاڵی ١٩٤٩ وە قەشە (میخا پۆلا) لەدایک بووی ناحیەی ئەلقـۆش ١٩٥١، پێشـتر پـارەو دارایـی لەلایەن حکـومەتی فەرەنسـی دابـین دەکـرا، بەڵام دواتـر باڵوێزخـانەی پاپـاوی لە عێـراق دابینـی دارایـی دەکرد.

وە هەروەهـا هەنـدێک خێرخـواز پاریـدەی پەیمانگەکەیـان دەکـرد بەتـایبەتی لە وڵاتـانی خۆرئاوایی- فەرەنسا، ئینگلتەرا، هۆلەندا، هەندێک پـارەو پولیـان دەنـارد بـۆ هەر خوێندکارێک لە ڕێـگەی باڵوێزخـانەی پاپـاوی لە بەغـدا بـۆ پرکردنەوەی تێچووی خوێندنەکەیان.

مەزهەبی کاثولیکی و تایەفەکانی:

کاسولیکی: کاثولیک: وشەیەکی یۆنانیە بەواتای (کۆی گشتی- الجامع الشامل) ئەوە مەزهەبێکە لە مەزهەبەکانی ئایینی مەسیحی، جیاوازی هەیە لەگەڵ مەزهەبەکانی تردا لەبارەی تەفسیری پەرتووکی پیرۆز و کەسایەتی مەسیح و ڕای خۆیان دەربارەی ئەمە لە پەرتووکی پیرۆز کەوا (قسەی خودایە) (کلام الله) وە فێری خەڵک دەکات بەخۆشی ڕووحیەوە وە فەرماندەیان دەکات بۆ ڕێگەی ڕزگاربوون، وە یەقینن لەوەی کەوا سید المسیح دوو سرووشتی لەیەک جیاوازی هەیە لەگەڵ یەک (ئەقنۆم)[١٥].

---

(١٥) ئەقنۆم: وشەیەکی سریانیە بە واتای (کەس- شخص).

(خـودایی- مرۆڤـی) (الاهیـة- انسـانیة) وه ئەم ڕایـانه لێراهـات بەپـێ ی ئەو حـوکمه لاهوتیـانەی کەســـەکان و داروده‌ســـتەکانیان، هەوادارانـــی کاسـولیکی دەڵێن کەوا مـوژده بەخشـی بەو بیـرو بروایه تەنها لەیەک وڵات نیه وه یان یەک کۆمەلی دیـاریکراو که ئیعتیبـاری بـۆ تـوخم وه یـان شـێوه (العرق والشکل) بەلکو بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتیه به تێکڕایی.

وه بەهـۆی پەرەســەندنی فکـری و فەلسـەفی که هاوڕێیه لەگەڵ ئەو بروایەدابوو هۆکاری لێکترازان و دووبەرەکـی له نێـوان بەشـێک له بایەخداران به کاروبـــاری ئەم عەقیـــدەیه به بروایـــان ئەمـــانه بەشـداری دەکەن له چارەســەرکردنی کێشـەکانیان هەر بـۆیه هەر یەکەیـان داواکـاره و بـانگەوازی مـــوژده دەکـــات بەوەی بـــاوەڕی پێیەتـــی به حوکمەکـانی و فێرکردنەکـانی و تەفسـیرەکانیان

تـــاوەکو وای لێهـــات بـــۆ ئەو مەزهەبە چەنـــد تـــایەفەیەک دروســـت بێـــت و بـــۆ هەر یەکێکیـــان پرۆگرامێکـــی هەیە لە تەفســـیرکردنی پەرتـــووکی پیـــرۆز، وە ئەگەر چارەســـەریان پـــێ نەکرێـــت ئەوا تەفسیرەکەیان بۆ پاپا بەرز دەکەنەوە.

تایەفەی کلدانی

کلدان: بەپێ ی هەندێک سەرچاوە ئەمانە بەشێکن لە نەستۆریە ئاسووریەکان (بوون بە بەشێک لە کەنیسەی رومای لاتینی) لەناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم، بۆیە لەلایەن (پاپا ئوجین) ی چوارەم ناسناوی کلدانی پێ بەخشین بەو پێ یەی کەوا ئەوان لەو ناوچەیە نیشتەجێن کەوا لەو ناوچەیە کلدانیەکانی تێدا نیشتەجێ و ژیاون.

هەر بۆیە بەهۆی ئەو ناونانە بوونە یەکێک لە پارچە وە یان تاقمێکی مەسیحی، لەبەر ئەوەی نەشتوریەکان دەگەڕێنەوە بۆ کەسێک (نەستۆرس) دروست نیە کەوا ئەوانە بەم ناوەی (نەستۆری) بانگ بکرێن، وە یان پێ یان بگوترێت نەستۆری (کاثۆلیک) هەروەکو بەپێ ی سریانەکانی کاثۆلیک و ئەرمەن و ڕۆمی کاثۆلیک، کلدانەکان هیچ

پەیوەندییەکیان بەو کلدانیانە نیە کە ناسراون لە عێراقی کۆندا، کلدانەکان گەورەترین تایەفەی مەسیحین لە عێراق و کاروبارەکانیان لەلایەن ئەبرەشیەی کلدانی بەڕێوە دەچێت لە رووی ئاینییەوە[١٦]. لە بەغداوە کە لەلایەن بەتریرێک سەرکردایەتی دەکرێت[١٧]. پولس شیخو[١٨]،

---

(١٦) ئەبرەشیە: وشەیەکی یۆنانیە بە واتای (کەرت ، ناوچە) بەپێی ی دابەش بوونی ئیداری کەنیسە، وە لە بنەڕەتدا لەچەند کەنیسەیەک پێک دێت و لەلایەن مەتران وە یان وە یان ئەسقەف بەڕێوە دەچێت، وە قەشەکانی کاربەدەست لەژێر دەستیان دەبن بۆ هەر ئەبرەشیەکی ئاینی

(١٧) بەتریرک: وشەیەکی یۆنانیە بەواتای شێخی گەورە وە یان باوک خاوەن دەسەلاتی بالا بەتریرێک و مەترانەکان بۆ کاروباری عەقیدەو تەفسیری (ئینجیل) لەژێر دەسەلاتی پاپا دان و بەس

(١٨) پەتریرێک پۆلس شیخو: لەدایک بووی ١٩٠٦/١١/١ ئەلقۆش لە ١٩٣٠/٣/١٦ بۆتە قەشە لە مووسڵ، وە لە پەیمانگەی خۆرهەلات لە ڕۆما خوێندنی تەواو کردووەو دکتۆرای بەدەست هێناوە بە (مافی یاسایی) دواتر

بەتریکی بابلە لەسەر کلدان لە عێراق و دەرەوەیدا، چونکە هەموو کلدانە بڵاوبووەکانی جیهان کەسەر بە ئەبرەشیەی بەغدان بەهۆی بەتریریک لە مەترانەکانەوە.

عێراق بەپێی دابەشبوونی ئیداری کەنەسی بۆ تایەفە دابەش دەبێت بۆ (٩) ئەبرەشیە (پەتریک پولس شیخو) سەرۆکایەتی دەکات.

گەراوەتەوە بۆ موسڵ و دامەزراوە بە بەڕێوەبەری پەیمانگای (شمعون الصفا) ١٩٣٨-١٩٤٧، دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئەبرەشیەی (ئاکرێ- عقرە) لە ١٩٤٧/٥/٤ دواتر گواستراوەتەوە بۆ ئەبرەشیەی (حەلەب) لە ساڵی ١٩٥٧، دواتر لە ١٩٥٨/١٢/١٦ هەڵبژێردراوە بە پەتریریک و بۆتە سەرۆکی هەموو ئەبرەشیەکانی کلدانی لە عێراق و دەرەوەی دا کە بارەگاکەی بەغدایە.

چالاکیەکانی

تایەفەی کلدانی نا ئاینی

تایەفەی کلدانی هەندێک چالاکی دەرخست لە رێگەی رێکخراوێک بەناوی (خوشکانی مەریەم- الأخوة المریمیة) ئەمە لە رووی مێژوویییەوە وەرگیراوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانی، وە نابێت بچێتە ناو ئەو رێکخراوەیە جگە لە کاسۆلیک وە پەیرەوی ناوخۆی خۆی هەیە، هەندێک مادەی تێدا هەیە مەرجی تێداهەیە رێکخراوە بۆ قەبولکردنی ئەو کەسە لەناو رێکخراوەکەدا، وە شێوازێکی هەیکەلی قوچەکی بۆ رێکخستنی (سوپای مەریەمی) (خوشک و برایانی مەریەمی) کە پێک هاتووە لە تیپێک (فرقە) دواتر (ئەنجومەن- مجلس) الادارة المحلیة، واتە خۆجێیی

دواتـــر ئەنجـــومەنی کـــارگێری بـــاڵا، دواتـــر سەرکردایەتی گشتی (القيادة العامة) ئەم ڕێکخراوە بڵاوبـــووەوە لە پارێزگاکـــانی بەغـــداو نەیـــنەواو بەسرەو کەمێکیش لە پاریزگای کەرکوک، کرۆکی سیستەمەکەو ناوەڕۆکی لەلای ڕژێمی بەعس جێ ی گومـــان بـــووە کە گـــوایە ئامـــانجەکەی ئاراســتەکردنی لاوانـــی مەســـیحیەو ئاراســتەکەی دژی بیرو باوەڕو ئامانجەکانی حیزبی بەعسە، وە لە ســاڵی ١٩٧٣ بەعـس و ڕژێـمە دیکتـاتۆریەکەی ئەم ڕێکخستنەی دۆزیەوەو دەستی بەسـەرداگرت لە پارێزگـای نەیـنەواوە لە ســاڵی ١٩٧٦ دەســتی بەسەر ڕێکخراوەکەدا گرت لە بەغداد.

(ئەبرەشیەکان) الأبرشيات:

١- ئەبرەشیەی بەغدا:

کاروبـاری ئەم ئەبرەشـیە مەتـران عەمانوئیـل دەلـی (عمانوئیـل دلـی) بەڕێـوەی دەبـات، وە خـۆی یاریـدەدەری بەتریریـک پـۆڵس شـێخۆیە، مەتـران عەمانوئیـل لەدایـک بـووی ١٩٢٧/٩/٢٧ لە قەزای تلکێـف لە مووسـڵ ڕێـوڕەسـمی قەشـەیی لە ١٩٥٨/١٢/٢١ لە ڕۆمـا بڕوانـامەی لیسانسـی لە فەلسـەفەو بڕوانـامەی دکتـۆرای لە لاهـوت و مـافی قـانونی بەدەسـت هێنـاوە، وە لە سـاڵی ١٩٦٠ سـکرتێری بەتریریـک بـووە، وە لە سـاڵی ١٩٦٣/٤/١٩ کـراوە بە مەتـران بـۆتە یاریـدەدەری بەتریکـی لە بەغـدا، وە کلـدانیەکانی سـەربەو ئەبرەشـیە زۆرینەیـان لە بەغـدان، وە یەکێکیش لە بەعقوبەو حەدیسەو حیلەو ئەنبار.

٢- ئەبرەشیەی مووسڵ:

مەتـــران عەمانوئیـــل دوی بەڕێـــوەی دەبـــات، لەدایک بـووی شـاری مووسـڵ ١٨٩٤، دەرچـووی پەیمانگـای شـەمعون صـەفا لە ١٩١٩/٨/٣ کـراوەتە قەشەو وانەی وتووەتەوە بۆ مـاوەی ٣٤ سـاڵ، وە لە ١٩٦١/٣/١٩ کـراوە بە ئەسـقەف لە ئەبرەشـیەی مووســـل، زۆربەی دەســـت و پێوەنـــدی ئەو ئەبرەشـــیە نیوەیـــان لە مووســـڵ نیشـــتەجێن و بەشەکەی تری لە ناوچەکانی تلکێف و کەرەملێس و حەمدانیە.

ئەم ئەبرەشـــیە (١٤) قەشـــەی هەیە لەگەڵ (٩) کەنیسەو پەرستگاو (٢) دوو دێر.

٣- ئەبرەشیەی ئەلقوش:

لەلایەن مەتـران ئەنـدراوس صـنا لە دایکبـووی گونـدی (ئەرادن)ە، سـەر بە نـاحیەی سەرسـەنگ کراوەتە قەشە لە ١٩٤٧/٥/١٥، وە کاری کردوە لە

گونـدەکانی ئامێـدی، وە لە ١٩٦١/٣/١٩ کـراوە بە ئەسـقەف لەسـەر ئەبرەشـیەی ئەلقـۆش، دەسـت و پێوەنـدەکانی ئەو ئەبرەشـیە دابەش بـوون بەسـەر ناحیەی ئەلقۆش و گوندەکانی (تلسـقف) و (باتنایا) و (باقۆفا) ئەم ئەبرەشیە (٨) هەشت قەشـەی هەیە لەگەڵ (٨) هەشت کەنیسەو (٣) سێ پەرستگاو (٢) دوو دێر.

٤- ئەبرەشیەی ئەربیل:

لەلایەن مەتران ئیستیفان بابەکە بەڕێوەدەبرێ لەدایک بووی ١٩١٩ی گوندی کەرمەلێسە سەر بە قەزای حەمدانیە (قەرەقۆش) دەرچـووی پەیمانگای (شـــەمعون صـــەفا)یە، لە ١٩٤٧/٥/١٦ کـــراوە بە قەشـەو کـاری کـردووە لە گونـدی کەرەملـێس و بەفـــداو مووســـل، وە لە ١٩٦٩/١٢/٧ کـــراوە بە ئەسـقەف لەسـەر ئەبرەشـیەی ئەربیـل، دەسـت و پێوەنـــدەکانی دابەش بـــوونە بەســـەر عەینکـــاوە،

ئەربیل، شەقلاوە، هەرمۆتەو کۆیە، (٥) پێنج قەشەی هەیە لەگەڵ (٦) شەش کەنیسەو یەک دێر.

٥- ئەبرەشیەی بەسرە:

مەتران (جبرائیل کنێ) کاروباری ئەم ئەبرەشیە بەڕێوە دەبات لە دایک بووی ١٩٠٦ گوندی کەرەملێس سەر بە قەزای حەمدانیە، دەرچووی پەیمانگای شەمعون صەفایە، لە ١٩٢٩/٧/٧ کراوە بە قەشە، دوای ئەوەی چوار ساڵ لە کۆلێجی (بلاوبوونەوەی باوەڕداری لە ڕۆما) کاری کردوە لەسوریاو ئامێدی و بارەگای باتریاریکی، وە لە ساڵی ١٩٥٦ کراوە بە ئەسقەف و یاریدەدەری بەتریریک دواتر بۆتە ئەسقەف لەسەر ئەبرەشیەی بیرۆنی کلدان دواتر گواستراوەتەوە بۆ بەسرە لە ساڵی ١٩٦٦، دەست و پێوەندەکانی دابەش بوون بەسەر (بەسرە، میسان، واسط، ذی قار موسەننا،

(المثنـــــی) (٣) قەشـــــەی هەیە لەگەڵ (٧) حەوت کەنیسە.

٦- ئەبرەشیەی زاخۆ:

مەتران حەنا پۆلس مرقۆس بەڕێوەبەری دەبات لەدایـــک بـــووی ســـاڵی ١٩١٠ وە دەرچـــووی پەیمانگای مار یوحنا الحبیب، لە ١٩٣٧/٥/١٥ کراوە بە قەشـــە، کـــاری کـــردووە لە زاخـــۆو دهـــۆک، لە ١٩٧٣/١٢/١٦ کـــــراوە بە ئەســـــقەف لەســـــەر ئەبرەشـیەی زاخـۆ، دەسـت و پێوەنـدەکانی دابەش بـــوون بەســـەر زاخـــۆ، عەباســـیە، دهـــۆک، شـــێوز، برسـقۆ، لیفـۆ، ئەبرەشـیەکە (٩) نـــۆ قەشـــەی هەیە لەگەڵ (٢٥) بیســـت و پێـــنج کەنیســـە، هەنـــدێکیان چۆلکراون.

٧- ئەبرەشیەی ئامێدی:

لەلایەن مەتـــران حەنـــا قلـــۆ بەڕێوەدەبرێـــت، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٢ ی ناوچەی (مـانگێش)ە لە دهۆک، دەرچووی پەیمانگای (مار یوحنا الحبیب)ە و لە ١٩٥٧/٥/١٥ بـۆتە قەشـەو کـاری کـردووە لە (شـمکان و ئەرادن و هەنـدێک گونـدی ئامێدی) وە لە ١٩٧٣/١٢/١٦ کراوە بە ئەسقەف لەسەر ئامێدی و دەوروبەری کە ئەمـــانەش لەخـــۆ دەگرێـــت مانگیش، گۆمانی، ئامێدی، ئەرادن، ئەنیشکێ و تنا و داودیە و بەردەڕەش، (٣) ســـێ قەشـــەی هەیە لەگەڵ (١٢) کەنیسە.

٨- ئەبرەشیەی کەرکوک:

کاروبارەکـــــانی لەلایەن گوربـــــال قـــــودە بەڕێوەدەبران لەدایک بووی ١٩٠٥/١/٦ ی ناحیەی ئەلقۆشـــە، لە کـــارەکەی لابـــراوە لەبەر هۆکـــاری

تـــایبەت، وە لەدوای ئەو بەرپرســـی ئەبرەشـــیەکە کەوتۆتە دەست مەتران ئەندراوس صـەنا لەدایک بـــــووی ١٩٤٥/١٢/٣٠ ی نـــــاوچەی ئەرادن، دەرچووی پەیمانگەی مار بوحنا الحبیب ە، وە لە ١٩٤٥/٥/١٥ بـــۆتە قەشـــەو کـــاری کـــردووە لە داودیەو تنـا و ئامێـدی، وە لە ١٩٥٧/١٠/٢٦ بـویتە ئەسقەف لەسەر ئەبرەشیەی ئاکرێ، ئەو سەرۆکی کۆڕی زمانی سریانی بوو، سەرپەرشتی و کـاری دارایـی ئەبرەشـیەی کەرکـوکی دەکـرد، (٤) چـوار قەشەو (٤) کەنیسەو یەک دێر.

٩- ئەبرەشیەی ئاکرێ:

هـیچ کەسـێک نـیە کەوا ئیـدارەدانی بکـات لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی مەترانی پێشـووی (ئەندراوس صـەفا) گواسـترایەوە بـۆ ئەبرەشـیەی کەرکـوک، بـــڕگەی (٨)ی ســـــەرەوە دارو دەســـــتەی ئەم ئەبرەشـــیە دابەش بـــوون بەســـەر (ئـــاکرێ و

خرجاوه) (٨) هەشت کەنیسەی هەیە و (٧) لەوانە چۆل کراون، وە هیچ قەشەیەکی نیە کە لەوێ نیشتەجێ بووبێت، سەرپەرشتی کەنیسەکە بۆ ئێستا لەلایەن (قەشە یوحنا عیسا چۆلاغ) دەکرێت.

(ئەبرەشیەکانی دەرەوەی عێراق)

١- **ئەبرەشیەی سوریا**: مەڵبەندەکەی شاری (حەلەب)ە، مەتران ئیستیفان بەلۆ بەڕێوەی دەبات کە خەڵکی عێراقە.

٢- **ئەبرەشیەی لوبنان**: مەڵبەندەکەی شاری (بەیروت)ە، لەلایەن مەتران (روفائیل بیداوید) بەڕێوەدەبرێت کە خەڵکی عێراقە.

٣- **بریکاری باتریکی لە قاهیرە**: لەلایەن خوری ئەفرام بدوی بەڕێوەدەبرێت کە خەڵکی عێراقە.

٤- **بریکاری بەتریریکی لە قودس**: لەلایەن قەشە بەترۆس شەعیا بەڕێوەدەبرێتن وە لەدوای داگیرکردنی لەلایەن ئیسرائیلەوە پەیوەندی پچڕاوە.

٥- ئەبرەشیەکانی ئێران:

أ- ئەبرەشیەی تاران: لەلایەن مەتران حەنا عیساوی بەڕێوەدەبرێت، کە خۆی خەڵکی ئێرانە.

ب- ئەبرەشیەی ئورمیا (ڕەزائیە) لەلایەن مەتران شموئیل شورێز بەڕێوەدبرێت کە خەڵکی عێراقە.

جـ- ئەبرەشیەی ئەهواز: لەلایەن مەتران حەنا زۆرا بەڕێوەدەبرێت کە خەڵکی عێراقە.

٦- ئەبرەشیەی تورکیا:

لەلایەن مەتران پۆلس قرناش بەڕێوەدەبرێت کە خەڵکی تورکیایە، بارەگاکەی لە شاری ئەستەنبولە.

٧- بریکاری پاتریریکی لە فەرەنسا:

کاروبارەکانی لەلایەن خوری (فرنسیس بیشوران) بەڕێوەدەبرێت کە خەڵکی عێراقە.

٨- **لە ئەمریکـــــا** (٥) پێـــــنج خەوەرنە هەیە ســـەربەخۆن، ڕاســـتەوخۆ بەســـتراونەتەوە بە بارەگای بەتریریک لە بەغدا کە ئەمانەن:

أ- **خەوەرنەی (دایکـی خـودا)** لەلایەن (خـوری گـورگیس گرمـۆ) بەڕێوەدەچێت و بارەگـاکەی شاری (دیترۆیت)ە.

ب- **خەوەرنەی (دڵـی پیـرۆز- القلـب الاقـدس)** کاروبارەکـانی لەلایەن قەشـە (یەعقـوب بیسـو) بەڕێوەدەچێت و بارەگاکەی شاری (دیترۆیت)ە.

جـ- **خەوەرنەری ئەفرام:**

کاروبارەکـانی لەلایەن خـوری ئەدوەر بیگومـا بەڕێوەدەچێت بارەگاکەی شاری (شیکاگۆ)یە.

د- **خەوەرنەری دڵی پیرۆز – القلب الاقدس:**

لەلایەن خوری (عبدالاحد نەجار) بەڕێوەدەبرێت بارەگاکەی شاری (ترلک)ە، لە کالیفۆرنیا.

هـ- خەوەرنەری مەریەمی پاکیزە (مریم العذراء):

لەلایەن قەشــە پەتـرۆس کتـۆلا بەڕێوەدەبرێـت، بارەگاکەی شاری (سنتیاگۆ)یە لە کالیفۆرنیا.

(ناوی قەشەکانی کلدان
لە ئەبرەشیەی مووسڵ)

١- مەتران عەمانوئیل دەدی:

لەدایک بووی ١٨٩٤، دەرچووی ١٩١٩

بڕوانامە: دبلۆم خوێندنی ئاینی بالا لە پەیمانگای بەتریریکی کاری ئێستای سەرۆکی ئاینی بالا بۆ ئەبرەشیەی مووسل لە ساڵی ١٩٦١.

٢- خوری جبرائیل سمعان باکۆس:

لەدایک بووی ١٩٢٣ ، دەرچووی ١٩٥٠

بڕوانامە: دبلۆم بۆ خوێندنی ئاینی بالا لە پەیمانگای بەتریرکی.

کـاری ئێسـتای: ئەو قەشـەیە بەرپرسـیارە لە کەنیسـەی (مەسـکەنتە)و یاریـدەدەری گشـتی مەترانە.

٣- **قەشە یوسف حەبی**: فاروق داود حبی (حەبی):

لەدایک بووی: ١٩٤٠، دەرچووی: ١٩٦١

بڕوانامە: دکتۆرا لە قانونی کەنەسی لە زانکۆی برۆبگەندە (بروبگەندا) – فاتیکان-.

کـاری ئێسـتای: ئەو قەشـەیەو بەرپرسـی کەنیسـەی (مـار ئەفرام)ە، لە مووسلی نوێ، وە نیشـتەجێی مەتـرانییە (مەیاسـە)، لە ئـوردن بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد.

٤- **قەشە لویس ساکو (لویس روفائیل موشی).**

لەدایک بووی: ١٩٤٨، دەرچووی: ١٩٧٤.

بڕوانـامە: دبلـۆم لە خوێندنی بـاڵا لە پەیمـانگەی (فەرەنسا)، پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب.

کـــاری ئێســـتای: بەرپرســـیارە لە کەنیســـەی (مەسـکەنتە) لە مەتـرانیە نیشـتەجێ یە، چـۆتە دەرەوە بـۆ خوێنـدن لە ڕۆمـا، (پـلەی ئێسـتای کاردیناڵە لە عێراق وجیهان.

٥- **قەشە فرەنسیس: فرەنسیس جبرائیل پەتروس (شێر):**

لەدایـک بـووی ١٩٢٩ شـــەقڵاوە، دەرچـــووی ١٩٥٦.

بڕوانـــامە: دبلـــۆم لە پەیمـــانگەی مـــار یوحنـــا الحبیب.

کاری ئێستای: بەڕێوەبەری مار یوحنا الحبیب، موسل لە ساڵی ١٩٧٥وە لەوێ نیشتەجێ بوو، ئێستا کۆچی دوایی کردووە.

٦- **قەشە میخائیل عەزیزە (میخائیل عەزیزە):**

لەدایک بووی: ١٩٢١، دەرچووی: ١٩٤٣.

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگای بەتریریکی.

کاری ئێستای: بەرپرسی کەنیسەی (أم المعونة) دەواسە لە ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە.

٧- قەشە توما حەنونا (تۆما حەنانی سلێ حەنونە):

لەدایک بووی: ١٩٠٩، دەرچووی: ١٩٣٤.

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگەی بەتریریکی.

کاری وەزیفی: بەرپرسی کەنیسەی مار یوسف- قەلا لە ١٩٥٩ وە.

٨- قەشە یۆحنا چۆلاغ (ئەبلەحەد بێ دنحا).

لەدایک بووی ١٩٣١، دەرچووی ١٩٦١.

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگەی بەتریریکی.

کاری وەزیفی: بەرپرسی کەنیسەی (مار أشعیا) و (طاهرة) (الشفاء) لە ساڵی ١٩٧٤وە.

٩- قەشە فەرەج رەحۆ (فەرەج مەجید ئیستیفان رەحۆ):

لەدایک بووی: ١٩٤٢، دەرچووی: ١٩٦٥

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگای بەتریریکی، دواتر لیسانس لە لاهوتی ئەدەبی لە ڕۆما.

کاری زەزیفی: بەرپرسی کەنیسەی ماریولس (کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری)، و سەرپەرشتی کەنیسەی (أم المعرفه) بوو، بە دەستی داعش لە مووسڵ شەهید کرا. بەدەستی داعش شەهید کرا.

١٠- قەشە یوحەنا عیسا (یوحنه عیسا یوسف):

لەدایک بووی: ١٩٤٥ ئاکرێ، دەرچووی: ١٩٧٠.

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب.

کاری وەزیفی: بەرپرسی کەنیسەی (مار یوسف) نەعمانیە لە ١٩٧٠ وە.

١١- قەشە پەترۆس مەتی یوسف:

لەدایک بووی: ١٩٣٦ ، دەرچووی: ١٩٦٠.

بڕوانامە: دکتۆرا لە لاهوت، ڕۆما- لە زانکۆی سۆربۆن وانە دەڵێتەوە.

١٢- قەشە هرمز شەلال (دانیال مەنصور شەمۆ):

لەدایک بووی: ١٩١١، دەرچووی: ١٩٥٥.

بڕوانامە: بڕوانامەی ڕەبەنایەتی لە دێری مەریەمی پاکیزە- السیدة لە ئەلقۆش.

کاری وەزیفی: سەرۆکی دێری مارگۆرگیس- گەڕەکی ئەفسەران، ڕەشیدیە.

١٣- قەشە ئیبراهیم ئیسحاق:

لەدایک بووی: ؟ ، دەرچووی: ١٩٧٥.

بڕوانامە: بڕوانامەی ڕەبەنایەتی لە دێری مار ئەنتۆنیۆس- دۆرە- بەغدا.

وەزیفەی ئێستای: بەرپرسی یاریدەدەر بۆ دێری مار گۆرگیس، گەڕەکی ئەفسەران ڕەشیدیە- مووسڵ.

١٤- قەشە حەنا جیجیکا (حەنا زرا جیجیکا):

لەدایک بووی: ١٩٣٤، دەرچووی ١٩٥٧.

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگەی پەتریریکی.

وەزیفەی ئێستای: بەرپرسیاری کەنیسەی کەرەملیس .١٩٦٥

١٥- قەشە یوسف شەمعون حەنا:

لەدایک بووی: ١٩٤٣، دەرچووی: ١٩٦٨.

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگەی بەتریریکی.

وەزیفەی ئێستای: بەرپرسی یاریدەدەر بۆ کەنیسەی کەرەملیس لە ساڵی ١٩٧٠ وە.

١٦- قەشە سالم حبیب منصور کنی:

لەدایک بووی:.١٩٤٣، دەرچووی: ١٩٧١

بڕوانامە:. ئامادەیی دواتر خوێندی ئاینی لە تەرابلوس- لبنان تەواوکردووە.

وەزیفەی ئێستای: قەشەی یاریدەدەر لە گوندی کەرەملیس لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە.

١٧ – قەشە روفائیل کانونە (روفائیل شەمو کانوونە):

لەدایک بووی:. ١٩١٤ تلکێف، دەرچووی: ١٩٥٠.

بڕوانامە:. دبلۆم لە پەیمانگەی بەتریریکی.

وەزیفەی ئێستای: بەرپرسی یاریدەدەر لە کەنیسەی تلکێف.

١٨- قەشە لوسیان جەمیل (لوسیان میخا جەمیل):

لەدایک بووی:. ؟ ، دەرچووی: ١٩٦٠.

بڕوانامە:. دبلۆم لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب.

وەزیفەی ئێستای: بەرپرسی کەنیسەی تلکێف.

١٩- قەشە مالوقیل بوجی:

لەدایک بووی:؟ ، دەرچووی: ؟.

بڕوانامە: دبلۆم لە پەیمانگەی پەتریریکی.

وەزیفەی ئێستای: یاریدەدەری قەشەی کەنیسەی تلکێف.

کەنیسەکانی ئەبرەشیەی مووسڵی کلدانی

١- كنيسة الطاهرة: دێری سەرو، قەشە فەرەج مجید رحو سەرپەرشتی دەکات و دەکەوێتە ناوچەی (الشفاء) نزیک نەخۆشخانەی منداڵان.

٢- کەنیسەی شەمعون الصفا: خوری جبرائیل باکۆس لێپرسیراویەتی، دەکەوێتە ناوچەی (المیاسة).

٣- کەنیسەی مار بثیون: بەکارنەهێنراوە جگە لە یەک ڕۆژ لە ساڵێک دا ئەویش جەژنی مار بثیونە و دەکەوێتە شەقامی فاروقی کۆن.

٤- کەنیسەی مار گورگیس: بەکارنەهێنراوە بۆ پەرستیاری، تەنها بەکارهێنانی لەکاتی مردوان دا، دەکەوێتە ناوچەی خەزرەج.

٥- کەنیسەی مەسکەنتە: ئەمە خەوەرنەیە لێپرسراوەکەی خوری جبرائیل باکۆسە لەگەڵ قەشە لویس روفائیل موشی، ناسراو بە لویس ساکۆ، دەکەوێتە ناوچەی (المیاسة) لە تەنیشت مەترانیە.

٦- کەنیسەی مار ئەفرام: لێپرسراوەکەی قەشە (یوسف حبی)یە، دەکەوێتە موسڵی نوێ لە دۆڵی کانی (وادی العین).

٧- کەنیسەی (أم المعونه) : لێپرسراوەکەی قەشە فەرەج مجید ڕەحۆیە، دەکەوێتە (دەواسە).

٨- کەنیسەی مار یوسف: قەشە یوحەنا عیسا لێپرسراویەتی، دەکەوێتە ناوچەی (دەرگەزلی)یە.

٩- کەنیسەی مار یوسف: بەرپرسەکەی قەشە تۆما حەنونایە دەکەوێتە ناوچەی قەڵا.

١٠- دێری مارگورگیس: قەشە هرمز شەلال لێپرسراویەتی دەکەوێتە سەر ڕێگەی تلکێف بەرامبەر ڕاشدیە.

١١- کەنیسەی (مار ئەدی الرسول). قەشە حەنا جیجیکاو قەشە یوسف شەمعون لە گوندی کەرەملێس نیشتەجێن.

١٢- کەنیسەی مەریەمی پاکیزە.

١٣- کەنیسەی مارگورگیس.

١٤- کەنیسەی بەرباره.

١٥- کەنیسەی (دڵی یەسوع- قلب الیسوع) قەشە لرسیان جەمیل لێپرسراویەتی لەگەڵ قەشە روفائیل کانونا، قەشە مانوئیل یوجی دەکەوێتە قەزای تلکێف.

١٦- کەنیسەی مار یوسف: بەکارنەهاتووە، دەکەوێتە قەزای تلکێف.

ناوی قەشەکانی کلدانی لە ئەبرەشیەی ئەلقۆش

١- **قەشە هرمز صلیوە**: لەدایک بووی ئەلقۆشە ١٩٢٤. دەرچووی دێری قەشەکانە لە مووسل (معهد- پەیمانگەی مار یوحەنا الحبیب).

٢- **قەشە یوسف توماس** لەدایک بووی ئەلقۆش، بڕوانامەی باڵای لە زانستە ئاینیەکان لە زانکۆی ڕۆما بەدەست هێناوە.

٣- **قەشە یوسف شەماشە**: لەدایک بووی (تلسقف)ە، ساڵی ١٩٢٣، دەرچووی پەیمانگەی (مار یوسف الحبیب)ە، لە مووسڵ.

٤- **قەشە فریاقوس حنا**: لەدایک بووی تلسقف ساڵی ١٩١٩ مامۆستای سەرەتایی خانەنشین.

٥- **قەشە شلیمۆن عودیش وردونی**: لەدایک بووی ساڵی ١٩٤١، دەرچووی یەکێک لە زانکۆ ئاینیەکانە لە ڕۆما.

٦- **قەشە گورگیس عەزیز**: (**ڕەبەن**) لەدایک بووی تلسقف ساڵی ١٩٣٤، هەندێک وانەی ئاینی وەرگرتووەن سەر بە کۆمەڵەی ڕەبەنەکانە، (دێری السیدە).

٧- **قەشە پولس پەتروس زمی**: لەدایک بووی (باتنایا) ساڵی ١٩٣٤، دەرچووی پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب.

٨- **قەشە میخائیل پۆلا مقدسی**: لەدایک بووی ئەلقۆش ساڵی ١٩٤٩، دەرچووی پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب.

کەنیسەکانی ئەبرەشیەی ئەلقۆش

١- کەنیسەی مار گورگیس: لە ئەلقۆش، قەشە هرمز صلیوە لێپرسیراویەتی.

٢- کەنیسەی مار میخا لە ئەلقۆش: قەشە یوسف تۆماس لێپرسراویەتی.

٣- کەنیسەی مار گورگیس لە تلسقف قەشە ئەلیشەع شەماش لێپرسراویەتی.

٤- کەنیسەی ماریە یەعقوب لە تلسقف، قەشە قریاقۆس حەنا لێپرسراویەتی.

٥- کەنیسەی مار گورگیس لە باقونە: لێپرسراوەکەی قەشە گورگیس عەزیز ڕەبەنە.

٦- کەنیسەی قریاقۆس لە باتنایا لێپرسراوەکەی قەشە پەترۆس ئیشەعیا موسایە لەگەڵ قەشە شلیمۆن عەودیش سخریا وەردۆنی.

٧- کەنیسەی مەریەمی پاکیزە لە (شەرەفیە) لەلایەن قەشەکانی ئەلقۆش بە نۆژە سەرپەرشتی دەکرێت.

٨- کەنیسەی مار گورگیس لە گوندی خربە صالح قەشەیەک لە باتنایا سەرپەرشتی دەکات لەکاتی پێویست وە یان قەشەیەک لە ئەلقۆش.

٩- کەنیسەی مار یوسف لە عین سفنی (شێخان): قەشە پەتروس زمی لێپرسراویەتی.

١٠- کەنیسەی (العذراء مریم) (السیدة حافظة الزروع) لە دێری (السیدة) لێپرسراوەکەی و سەرۆکی دێرەکە (قەشە ابراهیم یوسف ڕەبەنە) یاریدەدەری دەکات، قەشە تۆما شۆریرز.

١١- کەنیسەی ڕەبان هرمز لە دێری ڕەبەن هرمز لە چیای ئەلقۆش: قەشە مەنصور مامۆ لێپرسراویەتی.

دێرەکان – الاديرة

سیستەمێکی تایبەت بە دێرەکان هەیەن، چونکە قەشــەو ڕەبەنەکــان و ئەو کەنیســانەی دەکەونە ناودێرەکـان و ئەوقـاف نـاکەوێتە ژێـر دەسـەڵاتی مەتران، بەڵکو دەکەونە ژێر سەرۆکی تایەفەکە کە بەرزترین پلە (پاتریاریک)ە، لەوکاتەدا (بەتریریک پولس شیخۆ)یە کە لە بەغدا دادەنیشێ لە ڕێگەی سەرۆکی باڵادا بۆ دێرەکان.

بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ هەڵدەبژێردرێ لەلایەن ڕەبەنەکان وە بۆی هەیە بۆ جارێکی تریش بۆ (٣) سێ ساڵ هەڵبژێردرێتەوە.

ئەو قەشــەیەکی ئیعتیــادیە، وە لەدوای کۆتــایی ســەرۆکایەتیەکەی خــۆی بە کاروبــاری ئــاینی خەریک دەکات لە یەکێک لە کەنیسەکان، وە نابێت بــۆ هــیچ کەســێک ئەگەر ســەر بە کــۆمەڵەی ڕەبەنەکــان نەبێـت کەوا خــۆی هەڵبقــورتێنێ بــۆ

کاروبـاری دێـرەکە لە رووی ئـاینی و ئیـداریەوە تەنهـا بە مـوافەقەتی بەتریریـک نەبێـت، وە بـۆ بابەتێکی دیاریکراوو بەس.

دێرەکان ئەمانەن:

١- دێر السیدة: ئەمە دێری سەرەکی یەو سێ لقی هەیە:

أ- دێـری ڕەبەن هـورمز کە دەکەوێـتە چیـای ئەلقـۆش، ئەوکـات قەشـە (منصـور مـامۆ) بەرپرسی بووە لەگەڵ دوو ڕەبەنی یاریدەدەر.

ب- دێـری مـار گـورگیس: نزیـک مووسـل لێپرسراوەکەی قەشە (هورمز شلال)ە.

ج- دێـری مـار ئەنتۆنیـۆ (ئەنتۆنیـۆس) لە بەغـدا (دۆرە): لێپرسـراوەکەی قەشـە (پـولس وان)ە، ڕەبەنەکانی دێرەکان دەبنە دووبەش:

١- **ئەشەکان**: ئەمانە کاروباری ئیداری و دارایی وەردەگرن لە کۆمەڵەی پەیمانەکان.

٢- **پەیمانە ئیعتیادییەکان** (ئاسایییەکان): ئەمانە هەڵسوکەوتیان بۆ کاروباری خواپەرستی و نوێژکردن و کاری دەستیە، لەوانەیە پەیمانی ئیعتیادی بکاتە دەستەی ئیداری (کارگێری) بۆ دێرەکە.

وارێداتی (داهاتی) دێر لە سێ سەرچاوە پێکدێت:

١- زەوی و زاری کشتوکاڵی فراوان کەوا مواڵکی دێرەکەیە.

٢- کرێی عەقارات.

٣- بەخشین و خێرکردنی هاوڵاتیان.

ناوی قەشەکان لە ئەبرەشیەکانی کلدان

ئەمە لیستی بەشێکە لە قەشەکان کە دەکەونە سەدەی پابردوو کە رەنگە بەشێکیان لە ژیاندا نەمابن، بەلام بۆ بەرچاو روونی ناوی ئەو قەشانە تۆمار دەکەم کە خزمەتیان کردیە لەناو کەنیسەی کلدانی و ئەبرەشیەکانیان و هەریەکەیان بەپێی شوێنی جوگرافیای ئەبرەشیەکەی بۆ ئەو کات.

حکومەتی عێراق هەوڵی داوە سەرجەم مەزهەب و پیاوانی ئایینی و کەنیسەو قەشەو دێرەکان ناونووس بکات و چاودێری کردوون و هەوڵی داوە مۆرکی نەتەوایەتیان بسڕێتەوەو هەموویان بە عەرەب ناونووس بکات، بەعسیەکان زیاتر مەسیحیەکانیان بە عەرەب لە قەلەم دەدا لە

سەرژمێرییەکان پێشێلی هەموو یاساو ڕێساکانی دەکرد و بێ گوێدان بە هەڵوێستی خەڵکەکە.

لەلایەکی تر هەوڵی دەدا کە پەتریرک و سەرۆکی تایەفەکان قایل بکات و دواتر مەتران و قەشەکان و...هتدن بۆ ئەوەی لە بازنەی دەسەلات دەرنەچن.

ناوەکان:

١- قەشە شەربیک جبرائیل ئەربیل.

٢- خوری روفائیل بنیامین- ئەربیل.

٣- قەشە سەلیم برادۆستی- ئەربیل.

٤- قەشە یوحنا شیر- شەقڵاوە- ئەربیل.

٥- خوری یوسف زۆرا- کەرکوک.

٦- قەشە ئیستیذڤان ڕەبەن- کەرکوک.

٧- قەشە دانیال شەمعون- کەرکوک.

٨- قەشە ئیبراهیم زرفا- بەسرە.

٩- قەشە نوئیل حەنوونا- بەسرە.

١٠- مەتران عەمانوئیل دەلی- بەغدا.

١١- قەشە قریاقۆس رەبان - بەغدا.

١٢- قەشە عەمانوئیل موسا - بەغدا.

١٣- خوری میخائیل کنێ - بەغدا.

١٤- قەشە یوسف شەلیتا- بەغدا.

١٥- قەشە ئیستیڤان فلایان- بەغدا.

١٦- قەشە ئیستیفان کچو- بەغدا.

١٧- قەشە جاک ئیسحاق- بەغدا.

١٨- قەشە فەرەنسیس دەقاق - بەغدا.

١٩- قەشە جبرائیل کەساب- بەغدا.

٢٠- قەشە فیلیب هیلانێ- بەغدا.

٢١- قەشە داود مفرد- بەغدا.

٢٢- خوری قریاقۆس حەکیم- بەغدا.

٢٣- قەسە لویس شابی- بەغدا.

٢٤- قەشە گوریال - بەغدا.

٢٥- قەشە جەرجیس- بەغدا.

٢٦- قەشە بەترۆس حەداد- بەغدا.

٢٧- قەشە باسل- بەغدا.

٢٨- قەشە جبرائیل ماری- بەغدا.

٢٩- قەشە موشتاق زەنبەقە- بەغدا.

٣٠- قەشە کەمال وەردە- بەغدا.

٣١- قەشە ئەندراوس یونان- بەغدا.

٣٢- قەشە فیلیب - بەغدا.

٣٣- خوری حەنا خۆشابا- بەغدا.

٣٤- قەشە فەرەنسیس ریسها- بەغدا.

٣٥- قەشە ئەبلەحەد ڕەبان- بەغدا- (دیر الکهنة).

٣٦- قەشە مەتی کۆسا- بەغدا (دیر الکلدان).

٣٧- قەشە عەمانوئیل حەداد و (ڕەبەن) سلیمانی.

٣٨- قەشە شلیمۆن وەردونی -دیر الکهنة- - بەغدا.

٣٩- قەشە عەبدولئەحەد وەردەھۆزی- زاخۆ.

٤٠- قەشە پۆلس- زاخۆ.

٤١- قەشە پەتروس شابۆ- زاخۆ.

٤٢- قەشە لادن- زاخۆ.

٤٣- قەشە ئوغستین سادق- دهۆک.

٤٤- قەشە پولس جەنتۆ- ئامێدی.

٤٥- قەشە حەنا مەرخۆ- ئامێدی.

٤٦- قەشە جبرائیل شەمان- ئامێدی.

٤٧- قەشە ڕەبەن (قەشە)- ئامێدی.

تێبینی:

١- بەشێک لە قەشەکان کۆچی دواییان کردووە.

٢- بەشێکیش لە قەشەکان پلەکانیان گۆڕاوەو بوونەتە مەتران، یان ئەسقۆف، یان کاردینال (بەتریرک).

٣- بەشێک لەو مەترانانە کۆچی دواییان کردوە.

سریان کاثولیک- سریانی کاسولیک

سریان به عەقیده (بڕوا)، تایەفەیەکی کاثولیکیە ناوەکەی بە سریان نراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی سریانی ئەمە لەبەر ئەوەی زمانی نەتەوەی ئارامیەکانە[١٩]. کۆچیان کرد لە باکورو باشوری عێراق، سریان بەتریریکی خۆیان هەیەو

---

(١٩) ئارامیەکان ئەو خێڵانەن کە لە خۆرئاوای روباری فورات نیشتەجێ بوون لە خواروی عێراق، هەتاوەکو سەدەی چوارە یان پازدەی پ.ز، دواتر ناوچەیەکی فراوانیان گرتەوە و هەندێ دەوڵەتۆکەیان دامەزراند و قەبارەیان بچووک بوو لە ناوچەی بابل زۆر نەمایەوە بۆیە لەناوچوو، بەڵکو ئاشوریەکان هەوڵیاندا لەگەڵ خۆیان پێکەوە بنێن، کە ئیمبراتۆریەکەیان بەهێزو گەورە بوو، بۆیە کۆچیان کرد بەرەو شام (سوریا)، ئاسیای بچووک هەر بۆیە پێی وترا (وڵاتی ئارام) لە رووی شارستانی و بازرگانی گەشەیان کردو بۆ ماوەی زیاتر لە (٥) پێنج سەدە.

بارەگـــاکەی لە لبنـــانەوەو لە عێـــراقیش دوو ئەبرەشیەیان هەیە لە بەغداو مووسڵ.

ئەبرەشیەی بەغدا مەتران (ئەناسیۆس یوحەنا باکۆس) سەرپەرشتی، یان سەرۆکایەتی دەکات[٢٠].

و پێـــنج کەنیســـەی هەیە لەگەڵ (٩) نـــۆ قەشـــە، دەســـەڵاتی ئەم ئەبرەشـــیە دابەش بـــووە بەســـەر بەغداو بەسرەو عمـارەو حیلە، بەڵام ئەبرەشیەی مووسل مەتران تۆرلس عەمانوئێل سەرۆکایەتی دەکـات[٢١]. ئەم ئەبرەشـیە (١٥) پـانزە کەنیسـەی

---

(٢٠) مەتـــران اننـاســـیوس یوحنـــا بـــاکۆس لەدایـــک بـــووی ١٨١٨/٨/١٠ دەرچـووی برۆیفدایە لە رۆمـا لە ١٩٢١/١٢/١٨ بویتە قەشە لە بەغداو بەسرەو دواتر گەڕاوەتەوە رۆمـا لە ١٩٣٥ و خوێنـــدنی بـــاڵای تەواوکـــردووە ماجســـتێری لە کاروبـاری خـۆرهەڵات بەدەستهێناوەو دواتر لە ١٩٥٤/٢/٧ بۆتە سەرۆکی ئەساقیفەی بەغدا.

(٢١) مەتـران عەمانوئیـل (قـورلس) لەدایـک بـووی ١٩٢١/١/١ بەغـدایە و دەرچـووی پەیمـانگەی ئـاینی یە لە قـودس، لە

هەیە وە (٥) پێنج پەرستگەو (١) یەک دێر (دێری مار بەهنام) وە (٢٦) بیست و شەش قەشەی هەیە دابەش بووون بەسەر کەرکوک و مووسڵ و سنجار (ژەنگال) و زاخۆو بەعشیقەو کەرەملێس و بەرتلەو قەرەقوش.

١٩٤٤/٧/٢ بۆتە قەشەو لە ١٩٥٩/١٢/٨ بۆتە ئەسقەفی ئەبرەشیەی مووسڵ.

چالاکییە نائاینییەکانی
تایەفەی سریان کاسولیک

لە ساڵی ١٩٦٤ تایەفەی سریان کاسولیک ڕێکخراوی لاوانی خوێندکارانیان دروستکرد و ناویان نا (لاوانی خوێندکارانی مەسیحی) دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ (برایانی خوێندکارانی مەسیحی) الاخوة الطلابية المسيحية، ش.ط.م، ئەم ڕێکخراوە بە سەرۆکایەتی قەشە پێوس عەفاص بوو تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ دواتر چووە دەرەوەی عێراق (بەلجیکا) بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە ڕۆژنامەگەری، لەدوای ئەو قەشە جەرجیس بوو بەسەرۆکی ڕێکخراوەکە، کە قەشەی کەنیسەی (مار تۆما) بوو لە مووسڵ، شێوازی ڕێکخراوەکە قوچەکی و هرمی بوو، لە چەند (تیپێک) و (شانە)

پێک هاتبوو له هەر کولیجێک تیپێک و لێپرسراوی خۆی و مرشد ئامۆژگاریکەر.

دوو تیپ (فرقة) بۆ خوێندنگاکانی دوا ناوەندی و ئامادەیی، ئەو تیپانە بەسترابوونەوە بەیەکەوە بە تیپی لێپرسراوەکان، وە دواتر بۆ لێپرسراوی گشتی وە لە کۆتاییش بە ئامۆژگاری کەری گشتی (المرشد العام) هەر خوێندکارێک لەناو رێکخراوەکەدا پاش ساڵێک دەبوو بە ئەندام بە مەرجێک پابەند بێت بە (پەیڕەوی ناوخۆ) (النظام الداخلي) دواتر ناوی خۆبەخشی وەردەگرت (مجاهد).

بەڵام شێوازی ڕۆشنبیرکردن لە ڕێگەی کۆبونەوەکان دەبوو، کە هەر تیپێک حەفتەی جارێک کۆبوونەوەی دەکرد و لە کۆتایی هەموو مانگێکیش کۆبونەوەی فراوان دەکرا بە ئامادەبوونی لێپرسراوی گشتی و ئامۆژگاریکەری

گشتی، بۆ تاوتوێکردنی باری ڕۆشنبیری و توێژینەوەی گفتوگۆکردن دەربارەی زانیاریەکان.

لە ساڵی ١٩٧٠ دەلیلی کارکردنیان دەرکرد (دلیل العمل) بۆ ئەو ڕێکخراوەیە، لە ساڵی ١٩٧١ پەیڕەوی ناوخۆیان دەرچواند.

بەڵام لەدوای ئەو ڕێکەوتەوە هیچ چالاکیەکی ئەم ڕێکخراوە نابینرێ، چونکە هیچ بایەخێکی لەلایەن لاوانی خوێندکارانی مەسیحی پێنەدراو لەجێی خۆی دامرکایەوە(*).

(*) بەڕای بەندە، هۆکارەکەی سەرکوتکردنێکی نهێنی بەعسیەکان هەبووە، بۆیە کاریگەری دەسەلات لەسەر کەنیسەو پیاوانی ئایینی و تۆقاندنیان و گرتنی خوێندکاران وایکرد کەوا لەجێی خۆی کپ بکرێتەوە (دانەر).

(قەشەکانی ئەبرەشیەی مووسڵی سریانی)

١- خوری ئەلیاس صەقال:

لەدایک بووی مووسڵ ١٩/ک٢/١٩٢٥ خوێندنی لە پەیمانگەی (مار یوحنا الحبیب) تەواو کردووە پلەی قەشەیی وەرگرتووە لە ١٥/ئاب/١٩٤٩، لە خەوەرنەی قەڵا (کەنیسەی الطاهرة) دامەزراوە، دواتر بۆتە سکرتێری مەتران عەمانوئیل بنی، وە دواتر بۆتە جێگری مەتران.

٢- قەشە جبرائیل چەرخی: لەدایک بووی ساڵی ١٩٣٦ خوێندنی لە پەیمانگەی (مار یوحنا الحبیب) تەواو کردووە، لەگەڵ خوێندنی فەلسەفەو لاهوت، دواتر پلەی قەشەی وەرگرتووە لە ١٥/ئایاری/١٩٤٩ لە خەوەرنەی (الطاهرة) ئامۆگاری کەری (مرشد)ی کۆمەڵەی خێرخوازی سریان بووە لە مووسڵ لە ساڵی ١٩٧١ وە.

٣- **قەشە گورگیس گڕاوی** لەدایک بووی بەعشیقەیە ١٩٢٠ خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب بووە، لەدوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی و ڕێوڕەسمی قەشایەتی لە ١٩٤٧/٥/١٥ بووە، وە لە پەیمانگە دامەزراوە، دواتر بۆتە مامۆستا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا بۆ فێرکردنی وانەکانی ئایینی لە قوتابخانەی الطاهرة لە مووسڵ، دواتر بۆ سالێک دامەزراوە لە دێری (الشرقة) لە لبنان، دواتر قەشە لە کەنیسەی (الطاهرة) بۆ سریان کاسولیک لە مووسڵ.

٤- **قەشە بەهنام کەچۆ**: لەدایک بووی (بەرتلە) ١٩٣٤ خوێندنی لە پەیمانگەکەی مار یوحنا تەواو کردووە لە مووسل، وە هەر لە مووسڵ لە سالّی ١٩٤٧، وە بۆتە قەشە لە ٨/حوزەیران/ ١٩٥٨ وە بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە لە (قانوونی

کەنیسە) لە زانکۆی کاسۆلیکی لە ڕۆما، دواتر بۆتە سکرتێری مەترانی سریان کاسولیک لە مووسڵ.

٥- **خوری لویس نقاشە (نەقاش):**

لەدایک بووی ساڵی ١٨٩٤ بۆتە قەشە لە ساڵی ١٩١٩ و دامەزراوە لە خەوەرنەی (بەسرە) دواتر گواستراوەتەوە مووسڵ، دواتر خانەنشین کراوە.

٦- **قەشە پیۆس عەفاص**: ناوی شارستانی (زهیر فضیل عفاص)ە، لەدایک بووی مووسڵ ساڵی ١٩٣٨ خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٥٧.

لە ١٠/ حوزەیران/ ١٩٦٢ کراوە بە قەشە لە کەنیسەی (مارتۆما) لە مووسل دامەزراوە، بڕوانامەی ماجستیری لە ڕاگەیاندن لە زانکۆیەکی بەلجیکا بەدەست هێناوە، دواتر بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری (الفکر المسیحی).

٧- **قەشە جەرجیس پولس قەشە موسا:**

لەدایک بووی قەرەقۆش ٢/ت١٩٣٨/٢، خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحناو دێری شەهید بەهنام تەواو کردووە.

لە ١٠/حوزەیران/١٩٦٢ کراوە بە قەشە و لە کەنیسەی (مار توما) لە مووسڵ دامەزراوە، خوێندنی باڵای لە بەلجیکا تەواو کردووە وە پێش ئەوەش کاری کردووە لە گۆڤاری (الفکر المسیحی).

٨- **قەشە نەعمان ئۆریدە:** لەدایک بووی ١٩٣٧، خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا لە ١٩٥١ تەواو کردووە.

لە حوزەیرانی ١٩٦٣ کراوە بە قەشەو لە کەنیسەی مار توما لە مووسل دامەزراوە، ڕەگەزنامەی سووریە.

٩- **قەشە لویس قەساب**: ناوی (فاضل توما مجید قەساب)ە، لەدایک بووی قەرەقۆش ٦/ت٢/١٩٣٥ خوێندنی لە پەمانگەی مار یوحنا الحبیب لە مووسڵ تەواو کردووە لە ١٩٦٠/٦/٥.

لە قەرەقۆش دامەزراوە لە ساڵی ١٩٦٨ بۆتە سەرۆکی قەشەکانی قەرەقۆش، ئێستا لێپرسراوی کەنیسەی (الطاهرە) یەو کەنیسەی (مار یوحنا) و کەنیسەی (مار یعقوب) و کەنیسەی (مارزینا) یە لە قەرەقۆش.

١٠- **قەشە یەعقوب حەنا شێتۆ:**

لەدایک بووی قەرەقۆش لە ٢/ئەیلول/١٨٩٤، خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب تەواو کردووە لە مووسڵ، دواتر گواستراوەتەوە بۆ دێری مار بەهنام بۆ تەواوکردنی خوێندن، پاش تەواوکردنی خوێندن کراوە بە قەشە لە ساڵی ١٩١٩ لە کەنیسەی (مار یەعقوب) لە قەرەقۆش،

دواتـــر له بەعشـــیقه دامەزراوە، ئینجـــا ســـنجار (شەنگال) دواتر (میسان) عەشار له بەصرە، دواتر کەنیسـەی (مـار یوحەنـا) ئێستا له کەنیسـەی مـار یعقوب له قەرەقوش.

١١- قەشە توما بنی ئەستیفۆسکریا:

لەدایک بـووی قەرەقۆش ١٩٠٨/٥/٢٣ خوێندنی له پەیمـانگەی مـار بەهنـام و دواتـر له دێـری (الشـرقه) له لبنـان تەواو کـردووە بـۆتە قەشـە له سـاڵی ١٩٣٥ و له سـوریا (تل الابیض) دامەزراوە، دواتر گواستراوەتەوە قەرەقۆش.

١٢- **قەشە یوسف کەکی**: نـاوەکەی (یەلدا داود کەکی) یە لەدایک بـووی قەرەقۆش ٢٥/ک١/١٩١٣ کـراوە بە قەشـــە له ســـاڵی ١٩٣٩، خوێنـــدنی له پەیمـانگەی مـار یوحنـا الحبیـب تەواو کـردووە له مووســـڵ، وە له خزمەتـــی قەرەقـــۆش دامەزراوە، دواتـر سـنجار و ئەردەن و دواتـر بـۆ (بەسـرە)

دواتـر له کەنیسـەی (مـار زینـا) له قەرەقـۆش تـا کۆچی دوایی کردووه.

١٣- **قەشـە فەرەنسـیس جـۆلا**: نـاوی ئیسـحاق لاسـو حجـولای یه لەدایـک بـووی قەرەقـۆش ٣/ق١/١٩٤٤، خوێنـدنی له پەیمـانگەی مـار یوحنـا الحبیب له مووسڵ تەواو کردووه، کراوه به قەشـه له ١٩٦٢/٦/١٠ بەنـاوی فەرەنسـیس، له دێـری مـار بەهنـام دامەزراوه تـا سـاڵی ١٩٦٦ دواتـر له قەرەقۆش دامەزراوه.

١٤- **قەشـە سـەربل عیسـۆ**: نـاوەکەی (مارزینـا ئەیوب عیسا)یه لەدایک بووی قەرەقۆش له ئایـاری سـاڵی ١٩٤٤ خوێنـدنی له پەیمـانگەی مـار یوحنـا الحبیب تەواو کردووه له ساڵی ١٩٦٠.

له سـاڵی ١٩٧٠ بـۆته قەشـه له (قـاهیره) دواتـر گەڕاوەتەوه بۆ قەرەقۆش.

١٥- **قەشە بەترۆس موسا**: ناوەکەی (خضر موسی ئیسحاق موشێ) یە لەدایک بووی قەرەقۆش ٢٣/ت١٩٤٣/٢ن خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب، لە مووسل تەواو کردووەو کراوە بە قەشە لە ١٩٦٨/٦/٩ کراوە بە مامۆستا لە پەیمانگای مار یوحنا الحبیب دواتر کراوە بە مامۆستا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا بۆ فێرکردنی وانەکانی ئاینی لە یەکێک لە قوتابخانەکانی قەرەقۆش (سەرەتایی).

١٦- **قەشە یوسف عبو مەنسور عەبا:**

لەدایک بووی قەرەقۆش ١٩٥١/٦/١٨ وە لە ١٩٦٣/٦/١٥ خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب لە مووسل تەواو کردووەن وە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی و فەلسەفەو لاهوت بۆ دوو ساڵ دواتر کراوە بە سەرباز لە ١٩٧٣/٧/١ تاوەکو نیسانی ١٩٧٦ دواتر نێردراوە بۆ

پەیمانگەی قەشەیی لە (مەعادی) شاری قاهیرە، خوێندنی لاهوتی تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٧٧ بەوەفد نێردراوە لەلایەن مەڵبەندی رۆشنبیری فەرەنسی لە قاهیرە بۆ زانکۆی سۆربۆن لە پاریس بۆ خوێندنی پسپۆری لە ئەدەبی شارستانێتی فەرەنسی، وە لە ١٩٧٨/٩/٢٥ چۆتە پەیمانگەی دێری (الشرقه) بۆ قەشەیی لە لبنان بۆ پێداچوونی ساڵی چوارەمی خوێندنی لاهوتی لە زانکۆی (الروح القدس) وە لە ١٩٧٨/٦/٣٠ پلەی قەشەیی وەرگرتووە لە کەنیسەی (الطاهرة) لە قەرەقوش.

١٧- قەشە نوئێل کرومی قەشە تۆما:

لەدایک بووی قەرەقۆش ٢٨/ک٢/١٩٥١، وە لە ١٩٦٣/٨/١ خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب لە موسل بووە، دە ساڵ لەوێ بووەو سەربازی تەواو کردووەو دواتر چۆتە دەرەوەی

عێراق له پەیمانگەی قەشەیی له (المعادی) له قاهیره- میسر، بۆ تەواوکردنی خوێندنی لاهوتی، له ساڵی ١٩٧٧ له زانکۆی سۆربۆن له فەرەنساو بڕوانامەی خوێندنی زمانی فەرەنسی بەدەستهێناوە وە له ١٩٧٧/٩/٢٥ چۆته ناو دێری (الشرقه) له لبنان بۆ تەواوکردنی خوێندنی لاهوت له زانکۆی (الروح القدس).

١٨- **قەشە قریاقۆس لەلێ:**

لەدایک بووی بەرتلەو خوێندنی له پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب تەواو کردووە، کراوە بە قەشە له ساڵی ١٩٣٧، وە له دێری مار بەهنام دامەزراوە، وە دواتر بۆ پارێزگاری میسان، وە دواتر گەڕاوەتەوە له بەرتله دامەزراوە.

١٩- **قەشە یوسف تەتەر**: ناوی سۆلاڤ پۆلس تەتەرە:

لەدایک بووی قەرەقۆش ٣/٢٠ خوێندنی قەشەیی تەواو کردووە لە دێری مار بەهنام لە ١٩٩٢/٣/١٩ کراوە بە قەشە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ سنجار وە دوای ئەوەش بۆ کەرکوک.

٢٠- **قەشە بەهنام سەمعانی:**

لەدایک بووی ١٩٢٣ بەعشیقە، خوێندنی لە پەیمانگەی مار یوحنا الحبیب و دێری مار بەهنام تەواو کردووە، دواتر کراوە بە قەشە لە موسڵ لە ساڵی ١٥/ئایاری/١٩٤٧، وە لە دێری مار بەهنام دامەزراوە بۆ چەند ساڵێک لەوێ بووەو دواتر لە ساڵی ١٩٥٥ لە بەعشیقە دامەزراوە کە شوێنی لەدایک بوونیەتی.

٢١- **خوری بەتروس شیمتۆ:**

ئەبرەشیەی مووسڵی سریان کاثولیک – کاسولیک

شاری مووسڵ:

١- مەتـرانیە: لێپرسـراوەکەی مەتـران عەمانوئیـل بنـی یە، جێگـرەکەی خـوری ئەلیـاس حقـال) ەو سکرتێری مەتران بەهنام کچۆیە.

٢- کەنیسـەی (الطـاهرة) گەڕەکـی حـوش الخـان لێپرسراوەکەی خوری ئەلیاس حتالە.

٣- کەنیسـەی مارتومـا (گەڕەکـی سـاعە) لێپرسراوەکەی قەشە نەعمان ئۆریدەیە.

٤- کەنیسەی (سیدة البشارة) گەڕەکی ڕۆشنبیری، تەنها ڕۆژانی یەکشەمە بەکاردەهێنرێ.

٥- کەنیسـەی سـیدة فـاتمە: گەڕەکـی سـەرکەوتن (النصر).

قەرەقۆش: چوار کەنیسەی تێدا هەیە:

١- کەنیسەی (الطاهرة)

٢- کەنیسەی مار یوحنا

٣- کەنیسەی مار یەعقوب

٤- کەنیسەی مار زینا

قەشە لویس قەساب لێپرسراوە لەو کەنیسانە لەگەڵ دوو یاریدەدەر.

بەرتلە:

١- کەنیسەی (مار گورگیس) لێپرسراوەکەی قەشە قریاقۆس لەلۆیە.

بەعشیقە:

١- کەنیسەی سریان کاثولیک: قەشە بەهنام سەمعانی لێپرسراوی کەنیسەکەیە.

ناحیەی نەمرود:

١- دێری سریان کاسولیک: سەرۆکی دێرەکە خوری پەتروس شیشویە.

ڕۆمی کاثولیک (کاسۆلیک)

ئەمانە تاقمێکن لە سریان و چوونەتە پاڵ عەقیدەی کەنیسەی خۆرئاوا کەوا هاوکاری دەکرا لەلایەن ئیمپراتۆریەتی رومانی بۆیە سەر بەوانن، وە ناویان ناون سریانەکانی خۆرهەڵات کەوا پابەندن بە عەقیدەی کەنیسەی خۆرهەڵات.

ناوی (پاشایەتی - الملکیین) لەبەر ئەوەی پابەند بوون بە عەقیدەی (پاشا- مەلیک) (مەرقەبان) ئیمپراتۆری ڕۆمانی کەوا سەر بە کەنیسەی خۆرئاوایە، تایەفەی ڕۆمانی لەلایەن پەتریریک بەڕێوەدەبرێت کە کورسیەکەی دەکەوێتە (سوریا) وە ناونراوە بە (پەتریریکی ئەنتاکیا و هەموو خۆرهەڵات) ناوی پەتریریک (جورجیۆس مەکسیموس حەکیم)ە، ڕۆڵەکانی ئەم تایەفەیە

بلاوبـــوونەتەوە لە ســـوریاو لبنـــان و ئەردەن و فەڵەســـتین و میصـــر و کوەیـــت، بەڵام لە عێـــراق ژمـــارەیەکی بچـــووکن لە بەغـــداو یەک کەنیســـەیان هەیە، قەشـــــە کۆتـــــاکری بەڕێـــــوەی دەبـــــات وە سەرپەرشتی بەغداو کوێت دەکات.

ئەرمەن کاسۆلیک

ئەرمەن هیچ پەیوەندییەکی بەعەرەبەوە نیە، ناوەکەشیان بەستراوەتەوە بە ولاتەکەی خۆیان (ئەرمینیا) کۆچیان کردووە بۆ عێراق لە روسیاو تورکیا لەدوای ساڵی ١٩١٥ کە قەتل و عام کراون و لێرە نیشتەجێ بوون، کاروبارەکەیان لەلایەن بەتریریک بەڕێوە دەچێت و بارەگاو کورسیەکەی لە بەیروت – لبنان–ە، لە رووی پەیوەندیەوە سەر بە پاپایە، ئەم تایەفەیە یەک کەنیسەی هەیە لە بەغدا، مەتران جان کسیریان سەرۆکایەتی دەکات[٢٢].

ڕۆڵەکانی ئەو ئەبرەشیە بڵاوبوونەتەوە لە پارێزگاکانی بەغداو بەسرەو نەینەواو کەرکوک،

---

(٢٢) جان کسیریان: لەدایکبووی قاهیرە ١٩٢٧/١/٢٠، دەرچووی پەیمانگەی ئەکلیریکییە لە لبنان و دەرچووی کۆلێجی گریگۆریە لە ڕۆما، لە ١٩٧٣/١/١٣ کراوە بە ئەسقەفی ئەبرەشیەی بەغدا.

وه له مووسل ڕێ و ڕەسمی ئاینیان له کەنیسەی (لاتین) بەڕێوەدەبەن.

ئەم تایەفەیە چالاکی سیاسی له عێراق هەیەو داوای سەربەخۆیی بۆ (ئەرمینیا) دەکەن(*). له یەکێتی سۆڤیەت.

چالاکیەکانیان بەدامەزراندنی (حیزب) هەبووە له عێراق بەناوی (حیزبی تاشناق) له ماوەی سالانی نێوان ١٩٢٠-١٩٢٥ بەسەرۆکایەتی (لیۆن مەلکۆنیان) بەڵان له ساڵی ١٩٧١ بەعسیەکان

رژێمی دکتاتۆری حیزبەکەیانی تەفروتونا کردو هەموو چالاکیەکانی لەو مێژووەوە لێ قەدەغە کردنن چالاکی حیزبەکەیان گواستراوەتەوە بۆ لبنان، کە پالپشتی دەکران لەلایەن حیزبی کەتائبی لبنانی، وە کاریان دەکرد دژ بە حیزبەکانی تری لبنان،

(*) چونکە پێش بیروستروێکای گۆرباتشۆف ئەمانە سەر بە سۆڤیەت بوون، دواتر سەربەخۆییان وەرگرت و ئێستا وڵاتێکی سەربەخۆن، بەڵام پەیوەندییان لەگەڵ سۆڤیەت باشەو بەردەوامە.

دوو حزبـــی تریـــان هەیە لە دەرەوە کـــاردەکەن یەکەمیـــان (حزبـــی رامنگـــار لە ئەمریکـــاو حزبـــی سوسیالیستی ئەرمەنی- هنشاق).

تایەفەی کاسولیکی تر هەیە لە وڵاتانی عەرەبی تەنها ناوەکانیان دەڵێین بۆ پێناسەکردن ئەمانەن:

١- مارۆنیەکـان: تـایەفەیەکی مەسیحی گەورەن لە لبنـــان و ســـوریا، وڵاتە عەرەبیەکـان دژایەتـــی مارونیەکان دەکەن.

بەتایبەتی حیزبە شۆفینی یەکانی وەکوو حیزبی بەعس لە عێراق و سوریا.

٢- قبتیەکان: (الاقباط):

تـــایەفەیەکی کاســـولیکی نیشـــتمانەکەیان وڵاتـــی میســـرە، بەڵام دەســـت و پێوەنـــدیان لە دەرەوەی میسر کەمە، یان هەر نیە.

بەشی دووەم

مەزهەبی ئەرسۆزوکسی

١- تایەفەی سریان ئەرسۆزۆکسی
٢- تایەفەی ڕۆمی ئەرسۆزۆکسی
٣- تایەفەی ئەرمەنی ئەرسۆزۆکسی

مەزهەبی ئەرسۆزۆکسی

ئەرسۆزۆکس: وشەیەکەی یۆنانیە بە مانای ڕاست- المستقیم- الصحیح، دێت.

مەزهەب: بڕوا (معتقد)ی ئایینی لاهوتییە[٢٣].

تەفسیری کتابی پیرۆزو نهێنی کەسایەتی بەڕێز مەسیح دەکات کە لەلایەن ڕەبەنی یۆنانی (ئۆرتیمکا) لە شاری (قوستەنتینیە)ی پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتی کراوە لە ساڵی (٥٤١)ز، کەوا

---

(٢٣) مەسیحیەکان لاهوت (بڕوا- عەقیدە) ئیعتبار دەکەن بە سەرچاوەی ئایینی و لاهوت، دەست پێدەکات بە حەماسی ئادەمیزادی بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەم بەهۆی یەکگرتوویی ناسناوەکانی مەسیح (شەو ئینجیل روح و یەسوع و خودا)، وە ئەمە دەگەڕێدرێ بۆ زاراوەکان، وە بۆ دەق و ناوەڕۆکەکان بۆ عەقیدەکان، وە عەقیدەکان بۆ شتەکان، وە ئەشیاکان بۆ زەوی یەکانی گەردوونی، دواتر دادەڕێژرێ لە قالبەکانی عەقلی لە زمانێکی ئاسایی بۆ بنەماکانی عەقیدەیی موژدەبەخشی.

ڕێزدار مەسیح سروشتێکی یەکگرتووی هەیە (...) (...) واتە یەک سروشـــــت و یەک ئەقنـــــۆم، بە ئیعتیقادی ئەوەی کەوا کاری خودا یان ئیرادەکەی، شتێکی تر نییە. تەنها سیستەمی سروشتی نەبێت، ڕەبەن ئوتومیگـا ئەوەی دیـاری نەکـردووە کەوا سروشـتییە لەبەر ئەوە مەبەسـتەکەی ئیمـان نـیە، بەڵکـــو ئەو کاریگەریـــانەی کە هەیە لەســـەر دەرونیـــان، وەیـــان لە شـــێوازی وروژانـــدن و سەرسوڕمان، ئەم ناوەڕۆکە چاپ دەبێت بەسـەر دەروونیانەوە.

تایەفەی سریان ئەرسۆزۆکس

لەسەرەتادا ئەم تایەفەیە بەناوی (یەعقوبی) ناسرابوو گەڕانەوە بۆ مەتران (یەعقوب بەرداعی) لەبەر ئەوەی یەعقوب وەکو شوانەکان قاپوتی لبادی لەبەر دەکرد چونکە خۆی بە سادەیی دادەنا نەک دەرکەوێت وەکو کەسێکی دەوڵەمەند بەڵکو وەکو هەژارەکان خۆی دەنواند، مەزهەبی ڕەبەن (ئوتیخا)ی بڵاوکردەوە لە سوریاو میسرو عێراق ئەوکاتەی ئەو مەترانی ڕەها بوو[٢٤].

ساڵی ٥٤١-٥٧٨ز، کاروباری ئەو تایەفەیە لەلایەن بەتریریک بەڕێوەندەچێت کە بارەگاکەی کورسیەکەی لە سوریایە ئەویش (مار یەعقوبی سێیەمە) چونکە زۆرینەی ئەو تایەفەیە لە سوریا

---

(٢٤) ڕەها: شارێکەو ناوچەیەکە لە تورکیا ئێستا ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ (ئورفا)..

دادەنیشـــن وە هەنـــدێکیان لە تورکیـــاو لبنـــان، بەتریریـــک پابەنـــدە لە ڕووی ئەدەبـــیەوە واتە ڕەوشـتەوە بە بڕیارەکـانی (کـۆنگرەی ڕۆدس)[٢٥].

وە لە عێراق وە لە عێراق ڕۆلەکانی ئەم تـایەفەیە بڵاوبـوونەتەوە لە پارێزگاکـانی بەغـداو بەسـراو نەیـنەواو بابـل و میسـان، وە دوو ئەبرەشـیەیان هەیە یەکێکیان لە بەغدایە ئەوی تریان لە مووسڵە لەگەڵ دێرێـک ئەویـش دێـری (مـار عەتـی)یە کە دەکەوێـتە نـاحیەی بەعشـیقە لە بـاکوری شـاری مووســـڵ، وە ئەم ئەبرەشـــیە لەلایەن مەتـــران (سـوێریوس زەکـا عیـوامن) بەڕێوەدەچێـت[٢٦]، وە

---

(٢٥) ڕۆدس: دوورگەیەکە لە یۆنـان، لە سـاڵی ١٩٦١ هەمـوو تایەفەکانی ئەسۆزوکس ئەو کۆنگرەیان لەوێ بەست وە لە گرنگترین ئامانجەکانی پابەند بوونە بە یەکگرتوویی ووشە بۆ ڕووبەڕووبونەوە بەرامبەر کەنیسەی کاسۆلیکی.)..

(٢٦) مەتران سویریوس زکا عیواص لە دایکبووی ١٩٣٣/٤/٢١ لە عێراق دەرچـووی پەیمانگـای ئیلـۆکریکی یە لە مووسـڵ

پێنج کەنیسەی هەیە وە (٩) نۆ قەشە، ئەبرەشیەی مووسڵ لەلایەن مەتران گریگۆریۆس صەلیبا شەمعون[٢٧]، بەڕێوەدەچێت، (١٠) دە کەنیسەی هەیە لەگەڵ یەم پەرستگەو (٦) شەش قەشە دێری (مار مەتی) مەڵبەندی ئەبرەشیەکەیە بۆ کاروباری تایەفەکە، بەڵام مەترانی بۆ دانەنراوە وە یان ئەسقەفێک.

بۆتە رەبەن لە ١٩٥٤ وە قەشە لە ساڵی ١٩٥٧، وە سکرتێری بارەگای پەتریریک بووە لە دیمەشق، خوێندی لە کۆلێجی لاهوت لە نیویۆرک تەواو کردووە، لە ١٩٦٣ بۆتە سەرۆکی ئەساقیفەی مووسڵ، دواتر گواستراوەتەوە ئەبرەشیەی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٩.

(٢٧) مەتران گریگوریس صەلیبا شەمعون لەدایک بووی ١٩٣١ بەرتلەیە، دەرچووی پەیمانگەی ئیکلیریکیە لە مووسڵ لە ١٩٥٤/٦/٦ بۆتە ڕەبەن، وە لە ١٩٥٨ بۆتە قەشە، لە خوێندن بەردەوام بووە، دواتر بۆتە سکرتێری بارەگای بەتریریکی لە دیمەشق، لە ١٩٦٩/٨/٣ بۆتە ئەسقەفی مووسڵ.٩٦٩.

(پەیمانگەی مار ئەفرام)

ئەلکیریکی بۆ سریان ئەرسۆزوکس

لە زەحلە - لبنان- ساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە، لەناویا مایەوە تاوەکو ١٩٤٥، دواتر گواستراییەوە بۆ مووسل لەسەر داوا کردنی ڕۆلەی تایەفەکە لە عێراقدا، وە لە نزیک کەنیسەی (الطاهرة) بارەگای خۆی دامەزراند، ئەم بینایە خوێندنگای ناوەندی فەلەستین دەگرێتەوە، وە لە مووسل مایەوە تاوەکو ساڵی ١٩٦١ ئینجا گواستراییەوە بۆ زەحلە بۆ جارێکی تر، وە لەدوا جار بینایەکی نوێ لە (جبل لبنان- چیای لبنان) بۆ دروستکرا نزیک لە گوندی (ئەلمشتانە) وە بۆ ساڵی ١٩٧٧ بۆ ئەوێ گواستراییەوە، چونکە هەندێک بارودۆخەکە ئارام بۆوە، بۆ جارێکی تر کرایەوە، نزیکەی (٢٠) خوێندکاری خوێ ی وەرگرت، بەڵام بینایەکە

بۆردومـــان کـــرا له کۆتاییەکـــانی ســـاڵی ١٩٧٨، خوێنـــدکارەکانی گواســـترانەوە بـــۆ دیمەشـــق وە تـاوەکو ئێستاش لەوێ یە ئەو خوێندکارانە وانەی پرۆگرامی فەرمی حکومی لە سوریە وەردوەگرن لە یەکێک لە خوێندنگاکانی دواناوەندی، سەرەڕای وەرگرتنی وانەکانی ئاینی و سروتەکانی کەنیسە، وە ئەم پەیمانگـایە بە تـاکە پەیمـانگە دادەنرێت بـۆ دەرچواندنی قەشـەکان بـۆ ئەو تـایەفەیە بەڵام ئەو مـادانەی کەوا دەخوێندرێن لەو پەیمانگـایە بـریتین لە:

١- هەر ســێ زمـــانەکەی عەرەبـــی و ســـریانی و ئینگلیـــزی، ســـەرەڕای پرۆگرامـــی فەرمـــی بـــۆ هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، خوێندکار لەو پەیمـــــــانگەیە وەردەگیرێـــــــت لەدوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی.

٢- زانستە ئاینییەکان و سروشەکان (الطقسية).

٣- ئەدەبی عەرەبی.

٤- مێـــژووی ئەدەبـــی ســـریانی- مێـــژووی کەنیسەکان.

٥- فەلسەفەو دەروونناسی.

مـــاوەی خوێنـــدن لەو پەیمـــانگەیە (٧) حەوت ســـاڵە، تـــایەفەکە بە دابـــین کردنـــی تێچـــوونی خوێندکارەکان دەگرێتە ئەستۆ.

کەنیسەکانی
تایەفەی سریان ئەرسۆزوکس

١- کەنیسەی مار تۆما لێپرسراوەکەی قەشە (تۆما مار عیسا و خوری یەعقوب یوسف)ە، دەکەوێتە گەڕەکی (الساعة) لە چەقی مووسڵ.
٢- کەنیسەی مار یوسف لێپرسراوەکەی قەشە (تۆما عیساو خوری یەعقوب یوسف)ە، وە دەکەوێتە مووسڵی نوێ لە چەقی مووسڵ.
٣- کەنیسەی (السیدة العذراء) لێپرسراوەکەی خوری ئیسحاق مەنصورەو دەکەوێتە ناوچەی (حۆش الخان) لە چەقی ومووسڵ.
٤- کەنیسەی (الطاهرة الخارجیة) هیچ بەرپرسێکی نیە تەنها لە ڕۆژانی شەممە دەکرێتەوە، وە بە مەزار دادەنرێت بۆ ئەم تایەفەیەو دەکەوێتە نزیک نەخۆشخانە.

٥- کەنیسەی (ئەحودیمە) لە ساڵێک دا دوو جار دەکرێتەوە لە بۆنەکاندا، دەکەوێتە نزیک ناوچەی (شێخ محەمەد).

٦- کەنیسەی (السیدة العذراء) لێپرسراوەکەی قەشە (سلیمان صباغ)ە، دەکەوێتە ناحیەی (بەرتلە).

٧- کەنیسەی (السیدة شمۆنی) لێپرسراوەکەی قەشە (ئەفرام بەهنام)ە، دەکەوێتە ناحیەی (بەرتلە).

٨- کەنیسەی مار گۆرگیس- لێپرسراوەکەی (بنیامین قەشەیە) دەکەوێتە ناحیەی (بەحزانی).

١٠- کەنیسەی (السیدة شمونی) لێپرسراوەکەی خوری (یوسف باباری)یە و لە قەرەقۆش دادەنیشێ.

١١- کەنیسەی مار گۆرگیس: لێپرسراوەکەی خوری (یوسف باباری) یە، لە قەرەقۆش دادەنیشێ.

کەنیسەکانی ئەبرەشیەی
مووسڵی سریان ئەرسۆزوکس

١- مەتـرانیە: لێپرسـراوەکەی مەتـران (صـەلیبا شـەمعون) و جێگـرەکەی خـوری ئیسـحاق مەنصور لەگەڵ دوو قەشە ئەوانیش قەشە تۆما عیسا و خوری یەعقوب یوسف.

٢- کەنیسەی مار تۆما لێپرسراوەکەی قەشە (تۆما عیسا) یەو خوری یەعقوب یوسف.

٣- کەنیسـەی مـار یوسـف لە مووسـلی نـوێ لێپرسـراوەکەی قەشـە (تۆمـا عیسـا) یەو خـوری یەعقوب یوسف.

٤- کەنیسەی (السیدة العذراء) لە (حەوش رنحان) لێپرسراوەکەی خوری ئیسحاق مەنصورە.

٥- کەنیسـەی (الطـاهرة الخارجیـة) نزیـک نەخۆشـخانە هـیچ لێپرسـراوێکی نـیە تەنهـا

ڕۆژانـی شـەممە دەکـرێتەوە لەهەر هەفـتەیەک چونکە مەزاری تایەفەکەیە.

٦- کەنیسـەی (ئەحـۆدیمە) نزیـک مزگەوتـی شـێخ مـــحەمەد، ســـاڵێ دووجـــار دەکـــرێتەوە لە بۆنەکاندا.

بەرتلە:

١- کەنیســەی (السـیدة العـذراء) لێپرسـراوەکەی قەشە سلیمان صەباغ.

٢- کەنیســەی (السـیدة شـمۆنی) لێپرسـراوەکەی قەشە ئەفرام بەهنام.

بەعشیقە:

١- کەنیســەی (السـیدة شـمۆنی) لێپرسـراوەکەی قەشە (ئەلیاس بەهنام)ە.

بەحزانی:

١- کەنیسەی (مار گۆرگیس) لێپرسراوەکەی خوری (بنیامین قەشە)یە.

قەرەقۆش:

١- کەنیسەی (مار گۆرگیس) لێپرسراوەکەی قەشە (یوسف باباری)یە.

٢- کەنیسەی (السیدة شمۆنی) لێپرسراوەکەی قەشە (یوسف باباری)یە.

پیاوانی ئاینی
تایەفەی سریان ئەرسۆزوکس

١- مەتران گریگۆریس صەلیبا شەمعون ئیسحاق:

سەرۆکی تایەفەی سریانی ئەسۆزوکس لە مووسڵ و دەوروبەری لەدایکبووی: (بەرتلە- ١٩٣٢) قۆناغی سەرەتایی لەوێ بووە، وە لە ساڵی ١٩٤٦ چۆتە پەیمانگەی ئەکلیلیکی لە مووسڵ، وە لە ساڵی ١٩٥٣ دەرچووە، بە مامۆستا لە پەیمانگە دامەزراوە.

تاوەکوو ئابی ١٩٦٠، دواتر کراوە بە سکرتێری بەتریریک، سەرۆکی کەنیسەی بالا لە شاری دیمەشق لە سوریا وە لەو پلەدا مایەوە تاوەکوو ئابی ١٩٦٩ ئینجا کراوە بە مەترانی مووسڵ وە بەسەرۆکی تایەفە لەوێ دامەزراوە لەلایەن

دەسەڵاتەوە بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (١٢٩) لە ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی دبلۆمی لەلاهوت بەدەست هێناوە لە پەیمانگەی مار ئەفرا ئەکریکی لە مووسڵ، زمانەکانی عەرەبی و سریانی و ئینگلیزی دەزانی.

٢- **خوری ئیسحاق مەنصور:**

لەدایک بووی گوندی (دێرکێ) یە تەنیشت چیای (دێری مار مەتێ) ساڵی ١٩٢٨، خوێندنی سەرەتایی لە دێری مار مەتێ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥ چۆتە پەیمانگەی ئەکلیرکی لە مووسڵ پێنج ساڵ لە پەیمانگەکەبووە، دواتر کراوە بە قەشە بۆ کەنیسەی (سەری کانی) رأس العین لە سوریا، وە لە ساڵی ١٩٦٦ گواستراوەتەوە بۆ مووسل و کراوە بە جێگری مەترانەکەی و بەردەوامە تاوەکو ئێستا، زمانی عەرەبی و سریانی دەزانی.

٣- **قەشە ئۆما عیسا:**

لەدایک بووی شاری مووسڵ ساڵی ١٩٢٨، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مار تۆما) تەواو کردووە، (غەسانیەی ئێستا) فێری سرووتی کەنەسی و زانستەکانی ئاینی بوو لە ڕێگەی کەنیسەوە، لە ساڵی ١٩٦٧ کراوە بە قەشە لە مووسڵ، وە تاوەکو ئێستا بەردەوامە لە خزمەتکردن زمانی عەرەبی و سریانی دەزانی.

٤- قەشە یەعقوب یوسف:

لەدایک بووی موسلە لە ساڵی ١٨٩٥ سەرەتا خۆی ڕۆشنبیر کردووە لە قوتابخانەی تایەفە (نا نیزامی) غیر النظامیة، دواتر لەسەر دەستی باوکی فێری سرووتی کەنیسەو زانستەکانی ئاینی بووە لە ڕێگەی کەنیسەوە لە ساڵی ١٩٦١ کراوە بە قەشە لە مووسڵ وە تاوەکو ئێستاش خزمەت پێشکەش دەکات، زمانی عەرەبی و دەزانێت.

٥- خوری یەعقوب یوسف:

لەدایک بووی موسڵە ساڵی ١٨٩٥، سەرەتا خۆی فێرکردووە لە قوتابخانەی تایەفەکەی (نانیزامی) دواتر لەلایەن باوکیەوە فێری سروودەکانی کەنیسەو زانستە ئاینییەکان بوو لە ڕێگەی کەنیسەوە، لە ساڵی ١٩٦١ کراوە بە قەشە، وە تاوەکو ئێستاش لە خزمەتدایە زمانی عەرەبی و سریانی دەزانی.

٦- **خوری یوسف کەرومی باباوی:**

قەشەی کەنیسەی قەرەقۆشە، لە ساڵی ١٩١٧ لە قەرەقۆش لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قەرەقۆش بووە دواتر چوەتە قوتابخانەی (مارِ مەتێ) لەوێ فێری سروودی ئاینی بووە، کراوە بە قەشە لە قەرەقوش و (٣٥) سی و پێنج ساڵ لەوێ بووەو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، زمانی عەرەبی و سریانی دەزانی.

٧- **قەشە جەرجیس خضر –خدر:**

قەشــەی کەنیســەی کەرکــوک لەدایــک بــووی قەرەقوشە ساڵی ١٩٢٨، لە قوتابخانەی سەرەتایی خوێندوەن فێری سروتەکانی کەنیسە بووە لە ڕێگەی کەنیسەوە، کراوە بە قەشە بۆ کەنیسەی سنجار (ژەنگال) لە ساڵی ١٩٦٧ گواستراوەتەوە بۆ کەرکوک، تا ئێستاش لەوێ یە، زمانی عەرەبی و سریانی دەزانی.

٨- **قەشە برصۆم یەشوع**: قەشەی کەنیسەی سنجار:

لە قوتابخانەکەی فێربووەو دواتر گواستراوەتەوە قوتابخانەی دێری مار مەتی وە فێری سرووتەکانی کەنیسە بووە، کرێکاری کردووە وەکو (کرێکار) تاوەکو کراوە بە قەشە بۆ کەنیسەی سنجار، لە ساڵی ١٩٦٧ تاوەکو ئێستاش لەوێ یە، زمانەکانی عەرەبی و سریانی دەزانی.

٩- **ڕەبەن ئیسحاق بەهنام پولس** سەرۆکی دێری مارمەتی:

لەدایک بووی بەرتلە ساڵی ١٩٣١ خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواوکردووەن دواتر چوەتە پەیمانگەی ئەکلیریکی لە مووسل ساڵی ١٩٤٦، وە لەدوای دەرچوونی لە ساڵی ١٩٥٤ کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (حەسەکە-سوریا)ی ئەهلی، وە لە ساڵی ١٩٦٠ کراوە بە بەڕێوەبەری پەیمانگەی ئەکلیریکی کە لە مووسڵ گواستراوەتەوە بۆ لبنان.

تاوەکو ساڵی ١٩٦٧ ئینجا لە دێری مار مەتێ وەکوو ڕەبەن دامەزراوەو دواتر سەرۆک.

وە تاوەکو ئێستاش هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمە لە پەیمانگەی ئیکلیریکی لە لاهوت.

زمانی عەرەبی و سریانی و ئینگلیزی دەزانی.

١٠- خوری بنیامین قەشە عەبدوڵئەحەد:

قەشەی کەنیسەی بەحزانی:

لە بەحزانی لەدایک بووە لە ساڵی ١٩٢٥، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی تەواوکردووە، خوێندنی سرووت و زانستە ئاینەکانی لە کەنیسەی گوندەکەی خوێندووە، کراوە بە قەشە لە ساڵی ١٩٥٩، زمانی عەرەبی و سریانی و ئینگلیزی دەزانی و بەردەوامە لە کارەکەی.

١١- **قەشە ئەلیاس بەهنەم**: قەشەی کەنیسەی بەعشیقە لەدایک بووی ناحیەی بەعشیقەیەن خوێندنی عەرەبی و سریانی خوێندووەو فێری سروورتی کەنیسە بووە لە ڕێگەی کەنیسەو شەماشەوەو کراوە بە قەشە لە گوندی (میرکێ) لە ساڵی ١٩٦٤ گواستراوەتەوە بۆ (بەرتلە) لە وێ ماوەتەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٨ دواتر گواستراوەتەوە بۆ بەعشیقەو عەرەبی و سریانی دەزانی.

١٢- **قەشە ئەفرام بەهنام**: قەشەی کەنیسەی شەهیدە مارت شمۆنی:

قەشــەی بەرتــلە: لەدایکبــووی بەرتــلەیە، فێــرە خوێندن بووە لە قوتابخانەی دێری مـار مەتی، وە لەوێ فێـری ئـاینی ڕۆشـنبیری بـووە، کـراوە بە قەشـە بـۆ کەنیسـەی سـنجار بـۆ مـاوەی دە سـاڵ لەوێ بـووە، دواتـر گواسـتراوەتەوە بـۆ بەرتـلە، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەزانی.

١٣- **قەشە سلیمان ئیسحاق**: قەشەی کەنیسـەی السیدة العذراء بەرتلە:

لەدایک بـووی بەحزانـی خوێندنی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لە بەعشـیقە تەواوکـردووە لە سـاڵی ١٩٦٦ چـۆتە پەیمانگـای ئەکلیریکـی لە لبنـان، وە لەوێ دوو سـاڵی خوێنـدووە، دواتـر گەڕاوەتەوە وڵاتـن وە لەدوای چـوار سـاڵ کـراوە بە قەشـە لە شـاری (حەمـا) دواتـر گەڕاوەتەوە نیشـتمان و دامەزراوە لە (بەرتـلە)، تـاوەکو ئێستاو زمانەکـانی عەرەبی و سریانی و ئینگلیزی دەزانی.

رۆمی ئەرسۆزوکس

ناوی ئەو تایبەتیە بە ئەسڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی زاینی لەوکاتەی کەنیسەکەیان جیابووەوە لە کەنیسە، کاسۆلیکی لەسەردەمی بەتریریک میخائیل گەبرۆلاوس بەتریریکی کەنیسەی (قوستەنتینیە) لەبەر ئەوەی پابەند نەبوون و دژی بڕیارەکانی کۆمکاری مەسکۆنی، بوون، وە بەسترانەوە پێ ی لە رووی کارگێڕیەوە، بەڵام ئەم تایەفەیە لە ناوخۆی دابەش بوو بۆ دووبەش و زیاترو هەر کۆمەڵەیەک سەر بە سەرۆکێک بوو سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت لە ئیدارەی کەنیسەی قوستەنتینیە، وە بۆ خۆیان سەرۆکایەتی

کەنیسەیان دانا لە هەریەک لە دیمەشق و بەیروت و مۆسکۆو ئەسینا.

وە لە عێراق وەکالەی بەتریریکیان هەیە لە شاری بەغدا (کەمپ گەیلانی) کاروباری ئاینیان لەلایەن قەشە (جۆرج الجمل) بەڕێوەدەبرێت کە خەڵکی سوریایە.

قبتیە ئەرسۆزوکسەکان

ڕۆڵەکانی ئەم تایەفەیە خەڵکی یان جالیەی میسرین کەوا لە عێراقدان، ئەوانە لە بەغداو بەسرەو مووسل هەن، کاروبارە ئاینی یەکانیان لەلایەن یەک قەشە بەڕێوەدەبردرێ ئەویش قەشە (ئەبادیر سریانی) یە لە بەغدا دادەنیشێ.

باوکە کەرمیلیەکانی کەنیسەکەیان لە شاری بەغدا خستە خزمەتیان.

ئەرمەنە ئەرسۆزوکسەکان

تایەفەیەکە سەر بە مەزهەبی ئەرسۆزوکسە ئەبرەشیەی خۆی هەیەو کاروبارەکەی لەلایەن مەتران بەڕێوەدەبرێت، ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە عەرەبەوە نییەو ڕەچەڵەکیان جیاوازە لەگەڵ عەرەب، دابەش بوون لە بەسرەو نەینەواو کەرکوک و زاخۆن لە شاری مووسل یەک کەنیسەیان هەیە لەلایەن خوری (وارتان یەدرۆس) بەڕێوەدەبرێت، ئەمە ناوێکی ئاینی یە بەڵام ناوە مەدەنییەکەی (وانیس یەدرۆس بۆدرین)ە، وە خەڵکی لبنانە، ئەم تایەفەیە شەش کەنیسەو دوو پەرستگەیان هەیە لەگەڵ شەش قەشە.

کەنیسەکانی ئەرمەن

أ- کەنیسەی لاتین لە گەڕەکی (الساعة)وە تیایدا باوگە دۆمنیکاییەکان دەژین:

١- قەشە خلیل تۆج حارلی: ڕەگەزنامەی سوورییە.

٢- قەشە جان فیلیپ لاشۆل: ڕەگەزنامەی فەڕەنسیە گواستراوەتەوە بۆ قاهیرە.

٣- قەشە تۆما کۆسناو (فەڕەنسیە).

٤- قەشە جۆن میرمیریکۆ: (فەڕەنسیە)

بەشی سێیەم

مەزهەبی پرۆتستانتی

- تایەفەی ئەنگلیکان.
- کۆنگرەی کەنیسەکانی جیهان.
- تایەفەی سەبتییەکان.

مەزهەبی پرۆتستانتی

پرۆتستانت: ناوێکە وەرگیراوە لە ووشەی (پرۆتست) ئینگلیزی بەواتای بەهەڵستکار وە یان دژەکانن ئۆپۆزسیۆن، لەبەر ئەوەی بەرهەڵستی دژ بە پاپا بوون کەوا سەر ژکایەتی گشتی دەکات بەسەر کەنیسەی مەسیحی بە گشتی، وە هەروەها زۆر بەرهەلستی ڕاوەستان دژ بە عەقیدەی کەنیسەی لاتینن ئەمانە ناسراون بە خاوەنی کەنیسەی لۆسەری کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەبەن (مارتن لۆسەر)[٢٨].

---

(٢٨) مارتن لۆسەر ڕەبەنێکی ئەڵمانیە، واتە لەدایک بووی ئەڵمانیایە داواکاریەکانی لە ساڵی ١٥١٧ دەست پێ دەکات لەدوای ئەوەی کە کەنیسەی پاپای کاسۆلیکی (صکوک الغفران) ی دەرکرد، داوای چاکسازی ئایینی کرد لەگەڵ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی پاپا، وە پاکسازی هەندێک

خاوەنی ئەو مەزهەبە پشت بە ئینجیل دەبەستن وە بە سەرچاوەی یەکەمی دادەنێن لە رووی باوەڕداریەوە، لەبەر ئەوەی هیچ مەترانێکیان نیەو هەروەها قەشەو ئەسقەفیان نیە بۆیە هیچ دەسەلاتێکیان بەسەریانەوە نیە وە بەو بروایەی کەوا (خودا) رووناکیان پێ دەبەخشێ بە رووناکی خۆی، هەر لەبەر ئەوە چەند ڕایەکیان بۆ دروست بوو لەسەر باوەڕداری قسەیان لەسەر کەنیسەی (کالفیتیە) لە سویسراو کەنیسەی (مەشیەخە) لە ئەمەریکاو کەنیسەی (سەبتی) و (ئینجیلی نیشتمانی) دەکرد، وە ئەم کەنیسانە شوانێک سەرۆکایەتیان دەکات پێ ی دەڵێن

موعتەقەدات، بۆ داواکانی پاشای ئەڵمانیا پشتگیری کردو هەلسا بە وەرگێرانی پەرتووکی پیرۆز بۆ ئەڵمانی، گەلی ئەڵمانی بە رووداوێکی ئاینی ناو دەبەن، بۆیە هەلسان بە بڵاوکردنەوەی داواکەی لە ئەڵمانیاو نەمساو سویسراو هۆلەندا و ولاتانی ئەسکەندەنافیا.

(باستۆر) کەنیسەکانی پرۆتستانت لەگەڵ کەنیسەکانی ئەرسۆزوکس و کەنیسەی ئەنگلیکانی (ئینگلیزی) کۆدەکاتەوە لە کۆنگرەی کەنیسەکانی جیهان لە جنێف (سویسرا).

ئەم کەنیسەیە (واتە مەزهەبە)، هیچ کەنیسەیەکی نیە، یان خەڵکی خۆی نیە(*). لە کوردستان و لە عێراق.

(*) ئەمە پێش سالانی نەوەتەکان، بەڵام ئێستا کەنیسەی تایبەت بەخۆیان هەیەو لەژێر ناوی جیاوازدا (دانەر).

ئینگلیکان

ئەمانە سەر بە کەنیسەی ئینگلیزین، کە هیچ جیاوازیەکی نیە لە رووی بڕوا (معتقد) ی بنچینەیی لە نوێژو ڕێوڕەسمی قەشایەتی کەهەنوتی لەگەڵ بڕوای کەنیسەی کاثولیکی، تەنها لە تەڵاقدان نەبێت.

چونکە ئەو کەنیسەیە لە کەنیسەی پاپایی جیابوەوە لە ساڵی ١٥٣٥ز، کاتێک شای ئینگلیز (ملک) هەنری هەشتەم داوای لە پاپا کرد کەوا ژنەکەی تەڵاق بدات پاپاش موافەقەی نەکرد بۆیە ڕایگەیاند بە جیاکردنەوەی کەنیسەی ئینگلیزی لە کەنیسەی کاسۆلیکی و (مەلیک – شا) خۆی بوو بەسەرۆکی کەنیسە، هەر خۆشی سەرۆک ئەسقەفەکان هەڵدەبژێرێن بەڵام ئەم جۆرە سەرکردایەتیە تەنها شکلی یە وە سەرۆکی ئەساقیفەی (کەنتەربەری) ئەو لێپرسراوی ئاینی باڵایە لە وڵاتدا.

کۆنگرەی کەنیسەکانی جیهانی

بە شێوەیەکی ڕەسمی (فەرمی) لە ساڵی ١٩٤٨ دروست بوو لە ئەنجامی کۆنگرە ئاینییەکان لە ڕووی عەقیدەو جەدەلی لە نێوان ئەرسۆزوکس و پرۆتستانت بۆ چەند ساڵێک درێژەی پێ درا، مەڵبەندەکەی لە جنیف/سویسرایە ئەمڕۆکە زیاتر لە ٢٠٠ دووسەد کەنیسە لەخۆ دەگرێ بە پرۆتستانت و ئەرسۆزۆکس دەستورێکی ڕێک و پێکی بۆ دانراوە بەپێی ئەوە هەر کەنیسەیەک بە فەرمی نوێنەری خۆی هەیەو ئەندامە، بەرپرسی ئیداری سپێردراوە بەلێژنەیەکی مەڵبەندی پێک هاتووە لە (١٢٠) سەدو بیست کەس، ئەنجومەنەکە ئەمانە هەڵدەبژێرێ لەناو ئەنجومەن خۆیدا لە دانیشتنێکی گشتی دا، ئەو ئەنجومەنە هەر شەش

ساڵ جارێک دەبەستریتن بەڵام لێژنەی مەڵبەندی (اللجنة المركزية) چوار جار دانیشتنی دەبێت لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان دوو دانیشتنی گشتی دا واتە چوار جار بۆ هەر شەش ساڵ ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی یاسا دانانی نیە بۆ سەر کەنیسەکان کە ئەندامن تێیدا، بەڵام فرسەتی بۆ دروست دەبێت بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەوەی کار بکات بۆ هاوکاری کردن بۆ توێژینەوە دەربارەی کێشەو گرفتەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتی وە بوار بەخشین بۆ کەنیسە بە بەشداریکردنی ژن و لاوان لە ژیانی کەنیسەدا، وە گەشەکردنی ڕۆحی هۆشیاری و مەسکۆنی، واتە کۆشش کردن بۆ نزیک بوونەوەی بیروراکان دەربارەی لاهوت لە نێوان کەنیسەکان بەڵکو لە ڕووی ئیمانداری یەکبگرنەوە.

کەنیسەی سریانی ئەرسۆزوکسی چوە پاڵ لەناو کەنیسەی جیهانیدا لەناو ئەنجومەنی کەنیسەکانی جیهانی لە ساڵی ١٩٦٠ ئەو ئەندامە تێیدا، وە نوێنەری هەمیشەیی لە لێژنەی مەرکەزی تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ دکتۆر قەشە (سایسن) بوو، ئەو لە هەمان کەنیسە دابوو لە (هیند) هندستان وە نوێنەرەکەی ئێستا کە لە لێژنەی مەرکەزی مەتران (زکا عیواص)ە، وە خەڵکی عێراقە.

هەندێک لە کەنیسەکانی ئەرسۆزوکسی ئەندام لە ئەنجومەنی کەنیسەکانی جیهان

دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

١- **قبیتیە** (الاقباط): ئەرسۆزوکسیەکان و سریان ئەرسۆزوکس و ئەرمەن ئەرسۆزوکس و حەبەشیەکان ئەم کەنیسانە بەشدارن بە یەک ئیمان.

٢- **ڕۆمی** ئەرسۆزوکس و یونانی ئەرسۆزوکس و ڕوسی ئەرسۆزوکس و کەنیسەکانی ئەرسۆزوکس لە ئەوروپای خۆرهەڵات ئەو کەنیسانەش بەشدارن بەیەک ئیمان.

کەنیسەکانی پرۆتستانتی

جیـــــــاوازی هەیە لەگەڵ کەنیســـــــــەکانی ئەرسۆزوکســـی جیـــاوازیەکی زەق لە ئیمـــان دا هەروەهـا جیـاوازی هەیە لە نێـوان ئەمەو ئەویتـر جیاوازیەکی زۆر کەم.

کەنیســـــە ئینگلیزیەکـــانی (ئینگلیـــزی) ئەمەش دەسـت و پێوەنـدو خەڵکـی خـۆی هەیە لە هەمـوو جیهاندا.

کەنیســـــەی ئەســـــقەفی (ئەمە کەنیســـــەی ئینگلیزیەکانە لە ئەمریکا).

کەنیسەی لوسەری (الكنيسة اللوثرية).

کەنیسەی مەعمدانی (الكنيسة المعمدانية).

کەنیسەی کلفینی (الكنيسة الكلفينية).

وە زیاتر لە سەد کەنیسەی پرۆتستانتی تر.

تایەفەی سەبتییەکان

بـــانگەوازی ســـەبتیەکان لە ســـاڵی ١٨٨٤ دەرکەوت ئەو کاتەی (زیفا) هەندێک سەهیۆنی و جوولەکەی هێنایە سەر ئاینی مەسیحی، وە خۆیان بە (سەبتی) ناساند، وە دەستیان کرد بە بانگەواز لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بانگەوازەکە لە نێوان جووڵەکەو مەسیحیەکان بوو بۆ ئەوەی باوەڕیان پێ بهێنن لە پشت ئەوەوە بۆ ئەوەی سۆزی جیهانی مەسیحی بەلای خۆیان ڕابکێشن، وە بۆ مسۆگەر کردنی ئەو بانگەوازە لەلایەن ژنێکی جووڵەکەی ئەمریکی ناوی (ئەلن هوایت) بوو خۆی ناساند کە بۆتە مەسیحی وە مێردی کـــرد بە قەشـــەیەکی پرۆتســـتانتین وە لەدوای ماوەیەک لە زەواجەکەیان ژنەکە دەستی کرد بە کاری بەد ڕەوشتی و سیحرو جادووکەری لە

ڕێگەی ئاینەوە بۆ بانگەوازەکەی، بەو هۆیەوە مێردەکەی تەڵاقی دا، بەڵام ئەو ژنە بەردەوام بوو لەسەر بانگەوازەکەی بە پاڵپشتی زایۆنیزم و جووەکان کەوا خۆیان بونەتەوە مەسیحی لە ئەمریکا، بانگەوازەکەیان ڕەواجی هەبوو لە نێوان خەڵک بەهۆکاری پشتگیری ماددی و مەعنەوی کە دەکران لەلایەن زایۆنیزمی جیهانی، وە بەکارهێنانیان بۆ زۆر مەبەست بۆ پەیوەندی کردن بە خەڵکەوە، چونکە وا خۆیان دەردەخست کەوا خاوەنی بیرۆکەیەکی ئاینین گوایە مەبەستیان خێرو خۆشەویستیە، وە لە بانگەوازەکەی مەسیح وەرگیراوە، وە ئەوەی کە تیایەتی لە بەهای ئەخلاقی و مرۆڤایەتی دا، وە لەدوای ئەوەی کەوا متمانەی خەڵک بەدەست دەهێنن (سەبتی یەکان) هەڵدەستن بە چەواشە کردنی ئەوانەی باوەڕیان پێ هێناون بە پارەو پول و ئافرەت بۆ ناچار کردنیان لە پێناو ئەوەی ئەوان داوای دەکەن.

بیرۆکەی سەبتیەکان هاتە ناو عێراق لە ڕێگەی خێزانی (حەسۆ ئیخوان) کە خەڵکە مووسڵە، دواتر خێزانـی (فەرەجـۆ) ئەم دووە دەورێکـی باڵایـان هەبـــوو بـــۆ چەســـپاندنی بیـــرو بـــاوەڕو بانگەوازەکەیـان لە عێـراق دا، وە بەهـۆی ئەمەوە توانیان ماڵ و مووڵکێکی زۆریان بەدەست بکەوێت و وەبەرهێنانیـان کـرد لە ئیـدارەدانی محەلاتـی بازرگـانی گەورە ، کاروبـاری ئەو تـایەفەیە لە عێراق و کەنداو لەلایەن قەشە (فیلیب حبیب موسا) بەڕێـوەدەبرا، ناسـناوەکەی (هـیلال دۆس) بـوو، بەرەگەز خەڵکـی میسـر بـوو بارەگـاکەی بەغـدا بـوون بەڵام لە ڕووی سیاسـی یەوە سـەرەڕای ئەوەی کەوا بە ئـایین مەسـیحین بەڵام رۆیکـن لە ڕووی زایـۆنیزمی جیهـانی، بـانگەواز بـۆ ئەوە دەکەن کەوا (بەنـی ئیسرائیل) خـاوەن زەوین یـان خـاکی فەڵەسـتین و دەوڵەت لەسـەری دروسـت بکەن، هەنجەتەکەیـان ئەوەیە کەوا مـرۆڤ لەلایەن

خـواوه خولقـاوه وەکـو خێزانێـک (یەک خێـزان) وە هـیچ جیـاوازی نـیە لە نێـوان بەنـی ئیسـرائیل و مرۆڤی تر.

هەر بـۆیە دەبینرێـت لەنـاو کەنیسـەکانیان و شوێنی پەرستگاکانیان بریتیە لە شوێنی جاسوسی کردن و سیخوڕی بۆ (ئیسرائیل).

هەروەکـو دەرکەوت کە ئـامێرێکی بـێ تەلـی سـیخوڕی کـردن لە کەنیسـەی سـەبتیەکان لە بەسرە دۆزرایەوە.

دیارە بەعسیەکان بەدواوەیان بوون و هەڵس و کەوتەکانیـان زانیـوە کەوا پەیوەنـدییان هەیە بە ئیسرائیلەوە.

ئەم تایەفەیە لە عێراق کۆمەڵەیەکی خێرخوازی هەبـوو بەنـاوی (ئەدفنیشـت) لە سـاڵی ١٩٧٠ دامەزراوە لە بەغداو لەگەڵ قوتابخانەیەکی ئەهلی بەنـاوی قوتابخـانەی (دار السـلام) کە لە سـاڵی

١٩٤٧ دامەزراوە، ئەمەش خۆمـــاڵی کـــرا لەگەڵ قوتابخانە ئەهلی یەکانی تر‌ەوە.

ئەم تـــایەفەیە کەنیســـەی هەیە لە زۆر شـــوێن لەهەمـوو جیهـان، سـەرۆکەکەی هەر چـوار سـاڵ هەڵدەبژێردرێ وە بارەگـاکەی لە ئەمریکـایە وە لە عێـراق چـوار کەنیسـەیان هەیە بەم شـێوە دابەش کراون:

١- کەنیسەی سەبتییەکان لە بەغدا لێپرسـراوەکەی قەشە فیلیب حەبیب موسایە.

٢- کەنیسـەی سـەبتی لە بەسـرە، ئێسـتا داخـراوە لەبەر ئەوەی شوێنی سیخوڕی بوو.

٣- کەنیســەی ســەبتییەکان لە کەرکـوک، قەشــە فوئاد ئەشقەر لێپرسراویەتی.

٤- کەنیسەی سەبتییەکان لە مووسڵ، قەشـە باسـم عزیز لێپرسراویەتی.

بەشی چوارەم

تایەفەی ئاسوری

بەپێ ی حکومەتی عێراق هەموو نەتەوەکان لەسەر ئاینی مەسیحین بە عەرەب ناونووس دەکران لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، وە لە بەرنامەی دابوو کەوا هەر هەموویان بکاتە نەتەوەی عەرەب و ناسنامەی ئەو نەتەوانە بسڕێتەوە، هەر بۆیە بە تایەفە ناویان دەبات و لەت لەتی کردوون.

هەر بۆیە بە تایەفە ناویان دەبات، ئاسووریەکان تایەفەیەکی ئاینین، نەستۆریەکان ئەم ناوەیان لە خۆیان ناوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (نەستۆرس)[٢٩]. بەتریاریکی قوستەنتینیە، وە

---

(٢٩) نەستۆرس: یەکێکە لە قەشەکانی مەسیحی بەڕەچەلەک خەڵکی (ئەنتاکیای سوری)یە وازدا.

یەکێک لە پابەندبووەکانی کەنیسەی خۆرهەڵاتی کۆن، کە لەلایەن بەتریریک (پۆلس) سەرۆکایەتی دەکرێت کە بیروڕاکانی و فێرکردنەکانی لەخۆرهەڵات بڵاوبووەوە لەو ماوەیەدا.

وە لە دوای کۆچی دوایی بەتریریک (پولس) (مار ئیشیای) شەمعون هەڵبژێردرا بە بەتریریک بەبێ هەلبژاردنی کەنیسە، ئەوکاتە تەمەنەکەی (١١) یانزە ساڵ بوو.

هەر بۆیە کەنیسەی خۆرهەڵات دابەش بوو بۆ دووبەش لەبەر ڕاگەیاندنی (مار ئیشای شەمعون)[٣٠]. ڕۆزنامەکەی میژووەکەی گۆڕدرا لە

---

(٣٠) مار ئیشای شەمعون: یەکێکە لە بەتریریکەکانی ئاسووریەکان کەوا بە پشتاو پشت (خەلافەت) بەتریریکی وەردەگرێت لەسەر بنەمای خزمایەتی خێزانی هەر لە سەدەی (١٥) پانزەهەمەوە، ئەو سەرۆکی بزووتنەوەی ئاسووری دەکات لە ساڵی ١٩٣٣ وە لە دوای شکستی بزووتنەوەکە دوورخرایەوە بۆ دەرەوەی عێراق وە لە

مێژووی خۆرهەڵات بۆ مێژووی خۆرئاوا، هەر بۆیە بەرهەڵستی کرا لەلایەن کەنیسەی خۆرهەڵاتی کۆن لە (هند) بۆ ئەو ڕاگەیاندنە ناوەکەی نرا (کەنیسەی بەرهەڵستکار) (کەنیسەی نێردراوی جاسلیقی کۆن) کەوا ئێستاکە لەلایەن (مار ئەدی گۆرگیسی دووەم) وە بارەگاکەی لە بەغدایە، بەڵام ئەو کەنیسەی کەوا پشتگیری ڕاگەیاندنەکە دەکات پێی دەڵێن کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی نەستۆری، کە لەلایەن (مار دنحای چوارەم) بارگەکەی لە ئێرانە، ئاسوریەکان لە وڵاتانی دەوروبەر کۆچ دەکەن بۆ عێراق و بەتایبەتی لە تورکیا لەدوای قەتل و عامی سالی

لەندەن نێشتەجێ بووە، دواتریش کالیفۆرنیا، ئەمریکا، وە هەڵسا بە گۆڕانی ڕۆژنامەکەی خۆرئاوا لەدوا ڕۆژەکانی ژنی هێناوەو ڕێگەی بە پیاوانی ئاینی دا ژن بێنن بەڵام بەرهەڵستی کران لە ساڵی ١٩٧٥ لە ئەمریکا کوژرا لەسەر دەستی داود مالک یاقۆ.

١٩٢٥ و پێشتریش نیشتەجێ بوون لە پارێزگاکانی نەینەواو دهۆک و هەولێر، حکومەتی عێراق و لەسەروی هەموویان (مەلیک فەیسەلی یەکەم) وە بە پاڵپەستۆی دەوڵەتە ئیستعماریەکان (بەریتانیا) مامەلەیان لەگەڵ بکەن مامەلەی (رعایەی)ئەو لە هەوڵێک بۆ ئەوەی ڕەگەزنامەی عێراقیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی سودیان لێ وەربگیرێت، بەڵام هەندێک لەوانە کەوا مار ئیشای شەمعون سەرۆکایەتی دەکردن ئەوەیان ڕەت کردەوە، واتە ڕەگەزنامەی عێراقی بەڵکو داوایان دەکرد (نیشتمانێکی نەتەوەیی ئاسوری) بۆیان دروست بکرێت، وەکو کیانێکی سیاسی و حکومەتێکی سەربەخۆ لە حکومەتی عێراق لەژێر دەسەڵاتی (مار شەمعون) وە پایتەختەکەیان شاری نەینەوا بێت (نەینەوای کۆن) کەوا شارێکی شوێنەواریە کە دەکەوێتە بەری خۆرهەڵاتی شاری مووسل،

ئەگەرچی حکومەتی عێراق پابەند بوو ئەوکات بە سیاسەتێکی نەرم لەگەڵ ئەو کۆچەرانە، وە زیاتر بوون بە درێژایی زەمەن (کات) وە سەرڕەقی و عینادی و سەیرکردنی هاوڵاتیانی عێراقی بەچاوێکی سووک دژ بە نەتەوەکانی تر تا وای لێهات کە ئەوان خۆیان بە خاوەن مافڵ بزانن خاوەنی ئەو وڵاتەن و هاوڵاتیانی تر کۆیلەن، هەموو ئەو ڕەفتارانە لەژێر چاودێری ئینگلیز بوو لەبەر ئەوەی بەڵێنی پێدابوون و هاوکارو یارمەتی دەریان بووبەرامبەر هەموو ئەو قوربانیانەی کە دابویان لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە پێناو جێ بەجێ کردنی هیواکەیان بە حوکمی زاتی وە یان سەربەخۆیی، چونکە زۆر لەمانە لە خزمەتی ئینگلیزدا بوون هەروەکو سەرباز لە (سوپای لیڤی).

لە ساڵی ١٩٣٢ (مار شەمعون) سەرۆکی ئاسووریەکان یاداشتنامە (میثاق) و بەڵێننامەی بە ناوی (الميثاق الوطني الآثوري) بەڵێننامەی نیشتمانی ئاسوری.

بۆ حکومەتی عێراقی کەوا دان بنێت بە مافی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری بۆ گەلی ئاشووری[٣١].

---

(٣١) بەندەکانی میثاقی بەڵێننامەی نیشتمانی ئاشووری:

١- دان بەوەدا بنێن، کەوا گەلی ئاسووری، گەلێکە نیشتەجێی عێراقە، نەک وەکو تایەفەیەکی ئایینی، یان ڕەگەزپەرستی.

٢- پێویستە شوێنەکانی خۆیان لە هەکاری بۆ بگەڕێتەوە.

٣- ئەگەر بەندی دووەم جێ بەجێ نەکرا پێویستە شوێنێک نیشتمانێک لە عێراق دروست بکرێت و کراوە بێت، بەڵام:

أ- ئاسووریەکان لە عێراق و دەرەوەی، مەڵبەندەکەی دەۆک بێت لەژێر کارگێڕی (متصرف- پارێزگارێکی) عەرەبی ڕاوێژکارێکی ئینگلیز یارمەتی جەری بێت.

ب- پێویستە دەستەیەک دروست بکرێت بۆ دۆزینەوەی خاکێکی لەبارو فرەوان لەگەڵ پارەی پێویست بۆ تۆمارکردنی زەویەکان بەناوی ئاسووریەکان و کەسەکانی ئاسووری.

بەڵام حکومەتی عێراق هیچ بایەخێکی بەو (میثاق) (بەڵێننامە)یە نەدا، بۆیە عینادیەکەی مار شەمعون و سەرڕەقی خۆی وای کرد ڕوو لە (کۆمکاری نەتەوەکان – عصبە الأمم) بکات لە جنێف بۆ داخوازیەکانی ئاسووریەکان، بەڵام ئەوانیش هیچ گرنگیان پێ نەدا بەناچاری بێ دەستکەوت گەڕایەوەو هیوا بڕاو بوو، لەبەر ئەوە کۆچەرە

جـ- ئاسووریەکان لە دامەزراندنی وەزیفی ئیداری پێش بخرێن لە ناوچەکەدا.

٤- لەسەر حکومەتی عێراقە دان بنێت بەهەردوو دەسەڵاتی ئاینی و زەمەنی بۆ مار شەمعون بەشێوەیەکی ڕەسمی (وسام)ی باڵای پێ بدرێ.

٥- ئاسووریەکان لەناو پەرلەمان نوێنەری خۆیان هەبێت.

٦- پێویستە قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە وە خوێندنی زمانی ئاسووری و عەرەبی بخوێندرێ.

٧- دروستکردنی نەخۆشخانە لە دهۆک و بنکەی تەندروستی لە گوندەکان.

٨- چەکی ئاسووریەکان دەستی بەسەر دانەگیرێت، مصادەرە نەکرێت..

ئاسووریەکان کێشەو گرفتیان دەنایەوە، و خۆپێشاندانیان دەکرد لە پێناو ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان.

لە ساڵی ١٩٣٣ حکومەتی عێراق (مار شەمعونی) بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی لێک تێگەیشتن دەربارەی قەزیەی ئاشوورییەکان بکەن، بەلام نەگەیشتنە چارەسەری تەواو و گونجاوو دواتر گفتوگۆی تر کراو نامە گۆڕینەوە لە نێوانیان کرایەوە لەبەر ئەوە حکومەتی عێراق بریاریدا (محاکەمە بکرێت) بەڵام حکومەتی ئینگلیزی خۆی خستە ناوەو دژی حوکم کردنی وەستایەوە بۆیە حکومەت بڕیاری دا لە عێذراق دوور بخرێتەوە لەبەر ئەوەی ڕەگەز نامەی عێراقی نیە، وە کەسێکی شیاو نیە لەبەر ئەوە خستیانە بەر چاودێری لە مالی (کۆمەڵەی لاوانی مەسیحی) تاوەکو مانگی ئاب فەرمانی سەفەرکردنی درا لە

عێراقەوە بۆ ئێران، بەڵام دوورخستنەوەی هەست و سۆزو حەماسەتی دەست و پێوەندەکانی کەم نەکردەوە، وە هیچ گۆرانکاری لەو پلانەی دابنابوو بۆیان کەم نەکردەوە، وە بووە هۆی زیاتر کۆبوونەوەیان و گردبوونەوە لە پێناو هەلسان بە شۆڕشێکی چەکداری دژ بە حکومەتی عێراق کە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانیا دابوو کەوا دەسەڵاتێکی ڕەهای بە (مار شەمعون دابوو) بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانی بۆ گەیشتن بە ئەفسەرەکان و کەسە چەکدارەکان کە پاڵپشت دەکران لەلایەن سوپای ئینگلیزی (لیڤی) لە (حەبانیە) و (شوعەیبە) سوپای عێراق ئامادەبوو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی نیشتمانی خۆی و لەناکاو توانی بەسەریاندا زاڵ بێت و تا هەتایێ لەناو ببردرێن.

دەست و پێوەندەکانی مار شەمعون و ئەوانەی لێی نزیک بوون لەدوای ئەو لێدانە پڕ ئێش و ئازارە ناچار کران کۆچ بکەن بۆ سوریا و قوبرس و وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا، تا ئێستاش بە ئومێدن و پشت بە بێگانەی جۆراوجۆر دەبەستن ناچاریشن بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن لەبەر ئەوەی پەرتەوازە بوون لەلایەک و لەلایەکی تریش حکومەتەکانی عێراق یەک لەدوای یەک (دان-ئیعتراف) بە نەتەوەکان ناکەن و دژایەتی دەکرێن و وەک هاوڵاتی ژمارە دوو دەخوێندرێنەوەو حکومەتە دیکتاتۆریەکان بەتایبەتی بەعسیەکان هەموو نەتەوەکانیان بە عەرەب لە قەلەم دەدا، هەر بۆیە ناچار بوون ئەو کۆچ کردوانەی لە دەرەوەی عێراقن ڕێکخراوی سیاسی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن.

ئەم ڕووداوانە لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و جەنگی دووەم بەردەوام بوو، زۆربەی زۆری لە ئەمریکاو وولاتانی ئەوروپی نیشتەجێن بەڵام چاویان هەردەم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک و لەناوچەیەکی دەشتی نەینەوایە، وەکو حوکمی زاتی.

دامەزراندنی (الاتحاد الاثوري العالمي) (یەکێتی ئاسووری جیهانی)[٣٢].

ئەنجومەنی ئاسوری ئەمریکی – و ئەنجومەنی هاوپەیمانی ئاسووری جیهانی لە ئەمریکا،

---

(٣٢) یەکێتی ئاسوری جیهانی: بریتیە لە ڕێکخراوێک ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێت کە نوێنەری تایەفەکەن لەو وڵاتانەی نیشتەجێن لە ئاسوری بارەگاکەیان ئەمریکایە، (شاری شیکاگۆ) بەردەوام داوای داخوازیەکانیان دەکات، بەڵام حکومەتی بەعس بەهەموو شێوەیەک لە دژیان وەستاوە، حکومەتی بەعس ئەم ڕێکخراوە دەبەستێتەوە بە ئەمریکا بەڵام ئەمانە هەموو کات داوای مافی خۆیان دەکەن بۆ دروست کردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ ئاسووریەکان.

ئاسووریەکان هەلساون بە دروستکردنی کۆمەڵەو ڕێکخـــراوو حیزبـــی سیاســـی نهێنـــی و ئاشـــکرا داخوازیەکانیـــان لە کۆنگرەکانیانـــدا دروســـتکردنی نیشتمانێکی نەتەوەییە لە عێراقدا لەوانە:

١- ڕێکخـــراوی ڕزگـــارکردنی گەلـــی ئاشـــووری، بارەگاکەی لە ئێرانە/تاران ئارمەکەیان (شیعار) نەســـرێکی ڕەشـــە (النســـر الأســـود) یـــان بـــازی ڕەش.

٢- ڕێکخراوی لاوانی نەتەوەیی ئاسووری.

٣- حیزبی شۆڕشگێڕی ئاسووری.

٤- کـــۆمەڵەی (الرحمـــة- بەزەیـــی) ئاســـووری لە عێراق لقی لە بەغداو بەسرەو کەرکوک هەیە.

٥- یانەی وەرزشی ئاسووری:

بەڵام ئەو ڕێکخـــراوو حیزبـــانە ســـەرکەوتنیان بەدەســـت نەهێنـــاوە لە جـــێ بەجـــێ کردنـــی ئامانجەکانیـــان بـــۆیە ئەنـــدامەکانیان پـــارچە پـــارچە

کراون و بەشێکیان کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی عێراق، بەڵام تاوەکو ئێستاش بەردەوامن لە خەبات و هەوڵدان و ئەوەی یەکێتی ئاسووری جیهانی خەباتی بۆ دەکات کە بارەگاکەی لە ئەمریکایە، بەعسیەکان و حکومەتی صدام چاودێریان کردوون و بەڵام سوورن لەسەر ئەوەی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ئاسووریەکان وەربگرن لە عێراق.

بەشەکانی ڕۆڵەکانی تایەفەی ئاسووری
لە ڕووی عەشائیری – (خێڵەکی)دا

تایەفەی ئاسووری دابەش دەبێت لە ڕووی پێکهاتەی خێڵەکی بۆ دوو بەشی سەرەکی، وە بۆ هەر بەشێک چەند تیپێکی هەیە سەر بەوە، وە سەرۆکی هەر خێڵێک پێ ی دەڵێن (پاشا- ملک) ئەو خاوەنی دەسەڵاتی سەردەمی خۆیەتی بەسەر عەشیرەتەکەیدا ئەمانەن:

١- عەشیرەتی تیاری: دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

أ- عەشیرەتی تیاری سەروو: سەرۆکەکەی مەلیک یاتر کوڕی مەلیک ئیسماعیل وە ئەم عەشیرەتە سەر بە (مار شەمعون)ە.

ب- عەشیرەتەکانی جیلۆ: دابەشی دوو بەش دەبێت:

أ- عەشیرەتی باز.

ب- عەشیرەتی دێز.

ئەم عەشیرەتانە لە سەرەتای کۆچ کردنیانەوە بۆ عێراق نیشتەجێ ی پارێزگای دیالی بوون، بەڵام دواتر بە پلانێک کە ئینگلیز دای ڕشتبوو بۆ پارێزگاکانی باکوور، لەبەر ئەوە عەشیرەتی تیاری باشوور و باکوور لە پارێزگای نەینەوا نیشتەجێی کردن، عەشیرەتی (جیلۆ) لە پارێزگای دیالی، و لە پارێزگای کەرکوک تێکەڵەیەک لەو دوو عەشیرەتە بەهۆی کارپێکردنیان لە کۆمپانیای نەوت لە کەرکوک هەیە، هەروەها لە سەربازگەکان کە سەر بە سوپای ئینگلیز بوون (لێڤی).

دەزگای ڕاگەیاندنی تایەفە

١- ڕۆژنامەی دەنگی ئاسووریەکان (جریدة صوت الآشوریین) لە ئەمریکا دەردەچێت، خاوەن و بەڕێوەبەرو لێپرسراوەکەی (قلیمس کنجر) وە سەرنووسەرەکەی (مەلکوکارم)ە، ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە، بە سێ زمان دەردەچێت: عەرەبی و ئاسووری و ئینگلیزی.

٢- ڕۆژنامەی (کومیست) ی ئاسووری، لە ئەمریکا دەردەچێت- شیکاغو- یەکێتی ئاسووری جیهانی، سەرپەرشتی دەرچوونی دەکات، بەسێ زمان دەردەچێت عەرەبی و ئاسووری و ئینگلیزی، قەدەغەیە داخلی عێراق بێت.

٣- گۆڤاری ڕۆشنبیری ئاسووری: لەلایەن نادی ئاسووری لە بەغدا دەردەچێت.

کەنیسەکانی تایەفەو جەژنەکانیان

پێشتر ئاسووریەکان سەر بە کەنیسەی خۆرهەڵاتی کۆن بوون، وە لەدوای دەرچوونی ڕاگەیاندنی ڕۆژمێری لە مێژووی خۆرهەڵات بۆ مێژووی خۆرئاوا ئەو کەنیسەیە دابەش بوو بۆ دوو کەنیسە لە ئەنجامی ئەو بەرهەڵستیەی لەلایەن مەتران مار تۆما درمۆ مەترانی کەنیسەی ناوبراو لە (هند) هەر بۆیە تایەفەی ئاسووری ئەو کەنیسانەی هەیە:

١- کەنیسەی ڕەسولی جاسلیقی کۆن: بەتریەرکەکەی (مار ئەدەی گورگیس)[٣٣]،

---

(٣٣) بەتریەرک مار ئەدەی گۆرگیسی دووەم، لە ساڵی ١٩٤٧ لە عێراق قەزای شێخان لەدایک بووە، لە ١٩٦٩/٩/١٣، دواتر کراوە بە بەتریەرک لە ساڵی ١٩٧٢ بەهۆی کۆچی دوایی بەتریک (مار تۆما درمۆ).

بارەگـــاکەی لە بەغـــدایە وە نـــوێنەرایەتیەکەی بەرامبەر بە تایەفەکەی لەناوچەی باکوور (قەشە بنیـامین صـلیوە)یە، کە لە گونـدی (الشـرفیة) ی ناحیەی ئەلقۆش دادەنیشێ، وە دەست و پێوەندی ئەم کەنیسـەیە نیشـتەجێن لە پارێزگاکـانی بەغـداو کەرکـوک و مووسـل و بەســەر و هەنـدێک لە گوندەکانی ناوچەی باکوور، جەژنی ڕەسمی ئەو تـایەفەیە (ئەو کەنیســەیە) دەکەوێـتە ڕۆژی (٧ ی کـانونی دووەم) لەهەر ســاڵێک، وە دووبەرەکـی هەیە بە سەرۆکایەتی عەقیدی خانەنشین (یوسف مەلیک خۆشابا).

٢- کەنیســـەی خـــۆرهەڵاتی نەســـتۆری: پەتریکەکەی (مار دنحای چوارەم)ە،[٣٤].

---

(٣٤) بەتریریک مار دنحای چوارەم: لە ١٩٣٥/٩/١٥ لە ناوچەی حەریر لەدایک بووە، بۆتە قەشـە لە ساڵی ١٩٥٠ لە سـەر دەسـتی مەتـران یوسـف حەنـا یشـوع خزمەتـی تـایەفەی

بارەگـــاکەی لە ئێـــرانە، وە نـــوێنەرایەتی ئەو کەنیسـەیە لەناوچەی باکوور (خـوری زەیـا بوبـو دوبـــاتۆ)یە، دەســـت و پێوەنـــدی ئەو کەنیســـەیە نێشتەجێ ی پارێزگاکانی باکوورو بەغدان.

وە جەژنی رەسمی ئەو کەنیسەیە دەکەوێتە ٢٥ کانوونی دووەم بۆ هەر سـاڵێک، وە دووبەرەکیان لەنێوانیانـدا هەیەو بەســەرۆکایەتی (مەتـران مـار یوسف گۆرگیس).

ئاسووری کرد لە ئێران، دواتر کراوە بە ئەسقەف لەسەر ئەبرەشـیەی تـاران لە ١٩٦٢/٣/١١، دواتر هەڵبژێـردراوە بە بەتریرێک لە ١٩٧٦/١٠/١٤.

زنجیرەی بەتریریکەکانی

کەنیسەی نەستۆری –ئاسووریەکان

١- مار تۆما الرسول

٢- مار ادی

٣- مار ئاجی

٤- مار ماری

٥- ئەبریس

٦- ئەبراهامی یەکەم

٧- یەعقوبی یەکەم

٨- ئەحاد ئابۆی

٩- شاملۆقا

١٠- فافای یەکەم

١١- شەمعونی یەکەم (برصباعی)

١٢- شاهدۆست

١٣- بربشیمن

١٤- تومارصا

١٥- قیوما

١٦- ئیسحاقی یەکەم

١٧- ئەحی یەکەم

١٨- ئایت ئالاهای یەکەم

١٩- مزا

٢٠- فراجوخت

٢١- داود یەشوعی یەکەم

٢٢- بابویە

٢٣- ئاقاق

٢٤- بابای

٢٥- شهیلا

٢٦- ترسلی

٢٧- پولسی یەکەم\

٢٨- ئابای یەکەم

٢٩- یوسفی یەکەم

٣٠- حزقیال

٣١- ئیشوعیای یەکەم ئەرزنی

٣٢- سەیریەشوعی یەکەم

٣٣- گریگۆریۆسی یەکەم

٣٤- ئیشوعیایی دووەم جدلی

٣٥- مائەمیە

٣٦- ئیشوعیایی سێیەم حدیانی

٣٧- گۆرگیس یەکەم

٣٨- یوحنای یەکەم بوبر مەرتا

٣٩- حەنا ئیشوعی یەکەم

٤٠- یوحنا ئەبرەص.

٤١- شەلیبا زەخا

٤٢- فثیۆن

٤٣- ئەبای دووەم

٤٤- سورێن

٤٥- یەعقوبی دووەم

٤٦- حەنا ئیشوعی دووەم

٤٧- تیمساوسی یەکەم

٤٨- ئیشوع برنوون

٤٩- گورگیسی دووەم

٥٠- سەبریەشوعی دووەم

٥١- ئیبراهیمی دووەم مەرجی

٥٢- تاود و سیوس یەکەم

٥٣- سەرکیس یەکەەم

٥٤- ئیسرائیل کتکی

٥٥- ئەتوشی یەکەم

٥٦- یوحەنای دووەم

٥٧- یوحەنای سێیەم

٥٨- یوحەنای چوارەم

٥٩- ئیبراهیمی سێیەم

٦٠- عەمانوئیلی یەکەم

٦١- ئیسرائیلی دووەم

٦٢- عەبدەیەشوعی یەکەم

٦٣- ماری سێیەم

٦٤- یوحەنای پێنجەم

٦٥- یوحەنای شەشەم

٦٦- ئیشوعیای چوارەم

٦٧- ئیلیای یەکەم

٦٨- یوحەنای حەوتەم

٦٩- سەبریەشوعی سێیەم

٧٠- عەبدیەشوعی سێیەم

٧١- مەکیخای یەکەم

٧٢- ئیلیای دووەم

٧٣- برصۆمای یەکەم

٧٤- عەبدیەشوعی سێیەم

٧٥- ئیشوعیای پێنجەم

٧٦- ئیلیای سێیەم

٧٧- یەهیالاهای دووەم

٧٨- سەیریەشوعی چوارەم

٧٩- سەیریەشوعی پێنجەم

٨٠- مەکیخای دووەم

٨١- دنحای یەکەم

٨٢- یەهیالاهای سێیەم

٨٣- تیمساوسی دووەم

٨٤- دنحای دووەم

٨٥- شەمعونی دووەم

٨٦- شەمعونی سێەم

٨٧- ئیلیای چوارەم

٨٨- شەمعونی چوارەم

٨٩- شەمعونی پێنجەم

٩٠- ئیلیای پێنجەم

٩١- شەمعونی شەشەم

٩٢- شەمعونی حەوتەم

٩٣- شەمعونی هەشتەم

٩٤- شەمعونی هەشتەم سۆلاقا

٩٥- عەبدیەشوعی چوارەم مارون
٩٦- یەهیابالاهای پێنجەم
٩٧- شەمعونی نۆیەم
٩٨- شەمعونی دەیەم
٩٩- شەمعونی یازدەهەم
١٠٠- شەمعونی دوازدەهەم
١٠١- شەمعونی سێزدەهەم
١٠٢- شەمعونی چواردەهەم سلیمان
١٠٣- شەمعونی پازدەهەم میخائیل
١٠٤- شەمعونی شانزەهەم یوحەنا
١٠٥- شەمعونی حەڤدەهەم ئیبراهیم
١٠٦- شەمعونی هەژدەهەم ڕۆبین
١٠٧- شەمعونی نۆزدەهەم بنیامین
١٠٨- شەمعونی بیستەم یوسف
١٠٩- شەمعونی بیست و یەک ئیشلی
١١٠- ماردنحاای چوارەم- پەتریکی ئێستا

کەنیسەی ئاسووریەکان

١- کەنیســـەی ئەســـتۆی خـــۆرهەلاتی کـــۆن لێپرسراوەکەی خوری بویودۆباتۆ

٢- کەنیسەی جاسلیقی رەسولی جەماعەتی عەقید

٣- کەنیســـەی جاسلیقیرەســـولی جەمـــاعەتی بەتریـاک (مـاڕ ئەدەی دووەم) لێپرسـراوەکەی قەشـە بنیـامین سـلیڤۆ ئەورەهـا نیشـتەجێ ی گوندی (شەرەفیە).

یانەکانی تایەفە مەسیحییەکان لە عێراق

١- یانەی خێزانی بەغدا
٢- یانەی (المشرق- خۆرهەڵات)
٣- یانەی (الهندية)
٤- یانەی ڕۆشنبیری مەسیحی
٥- یانەی نیتشتمانی ئاسووری
٦- یانەی (الاخاء الاهلي)
٧- یانەی (العائلة- خێزانی)
٨- یانەی (التعارف الاهلي)
٩- یانەی بابلی کلدانی
١٠- یانەی ڕۆشنبیری ئاسووری
١١- یانەی الجامعي للسریان
١٢- یانەی نەمرودی وەرزشی

١٣- يانەی سەنحاریبی خێزانی

١٤- يانەی (المجتمع السرياني)

١٥- يانەی (نەينەوا)

١٦- يانەی عەشتار

١٧- يانەی (المجتمع الاثوري)

١٨- يانەی الانوار الاجتماعي

١٩- يانەی الرافدين

٢٠- يانەی (بين النهرين) لە مووسڵ

نووسەر لەچەند دێرێکدا



*** دکتۆر جەمیل عیسا کەریم**

- لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ هەرمۆتە- کۆیە- هەولێر. لە خێزانێکی هەژاری جووتیاریدا.
- خوێندنی سەرەتایی لە هەرمۆتەو ناوەندی و ئامادەیی لە کۆیە تەواو کردووە.
- دەرچووی زانکۆی بەغداد- کۆلێجی ئاداب- بەشی جوگرافیا ١٩٧١-١٩٧٢.
- ١٩٧٣-١٩٧٤ بە مامۆستا دامەزراوە لە (قورشاغلو، تەقتەق، کۆیە، ئامادەیی کوردستان لە هەولێر).
- ٢٠١٤ ماستەر لەجوگرافیا بەپلەی نایاب.((بەناونیشانی الزراعة الحضرية في مركز مدينة اربيل، باستخدام نظم المعلومات الجغرافية

GIS) که به یەکەم تـوێژینەوە دادەنرێت لە ئاسـتی عیراق و کوردستان)).

- ٢٠١٨ دکتـــۆرا لە جوگرافیـــای شـــار بەپـــلەی نایـاب.((تێـزی دکتـۆراکەی بەناونیشـانی التحلیـل المکـاني لمراحـل النمـو- التمـدد الحضـري لمدینـة اربیـل، للمـدة ١٩٤٧-٢٠١٧، مدینـة اربیـل الکبـری، دراسة في جغرافية المدن)).
- لە سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەنـدی بە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە، لە شۆڕشـی ئەیلـول بە مامۆسـتای شـۆڕش دامەزراوە، لە قوتابخـانەی دواناوەنـدی هیـران و پیرانشـەهر (خـانە) لە کوردستانی رۆژهەڵات، دواتـر لە ئۆردوگـای زێـوە لە دواناوەنـدی (زمنـاکۆ) خزمەتـی کـردووە، تـاکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥.
- وەکـو مامۆسـتا لە خوێنـدنگاکانی (ناوەنـدی قورشـاغلو، ناوەنـدی تەقـتەق، دواناوەنـدی کـۆیەی کچان، ناوەندی موزەفەریە، ئامادەیی کوردستان لە هەولێر) خزمەتی کردووە.
- وەکـو وانەبێـژ لە خوێنـدنگاکانی (دواناوەنـدی قەڵای کچـــان، دواناوەنـــدی زەهـــرای کچـــان، دواناوەندی گەڵاوێژی کچان، دواناوەندی هەولێری

ئێواران، دواناوەندی سەلاحەدینی کچان) خزمەتی کردووە.

- هەر لە شاخ پرسیارەکانی (مێژوو و جوگرافیا)ی پۆلی شەشەمی ئامادەیی داناوە.
- هەروەها پرسیارەکانی پەروەردەی کۆمەلایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی) پۆلی سێیەمی ناوەندی ئامادە کردووەو یەکێک لە پرسیارەکانی کۆمەلایەتی وەکو هۆ: دارخورما لە شاخەکانی کوردستان ناڕوێ.

پەرتووکە چاپکراوەکانی:

١- پەرتووکی پیرۆز، وەرگێڕان و پێداچوونەوە بە هاوبەشی
٢- کورد و جیهانگیری.
٣- لەگەڵ رووداوەکاندا.
٤- چەند بەشێک لەمێژووی کلدو ئاشوورییەکان (مەتران ئەدی شێر). وەرگێڕان
٥- کورتە میژووی کەنیسەی کلدانی (مەتران لویس ساکو). وەرگێڕان
٦- جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلتیک
٧- حدیاب لەمێژوودا- مەسیحییەکانی هەولێر.

٨- مێـژووی مەسـیحیەت لە کەرکـوک (مێـژوو و مانەوە)، بەتریک لویس ساکۆ (وەرگێڕان).
٩- ی مەسیحیەت لە کەرکوک و گەرمیـان (مەتـران ئەندراوس صنا)، (وەرگێڕان).
١٠-کلدو ئاشوورییەکان (هەرمۆن تۆل). وەرگێڕان
١١-ئاشوری مەسیحییەت (جان فیە). وەرگێڕان
١٢-فەرهەنگـی جـوگرافی و جێۆلـۆجی (عبـدالرزاق الدباغ). وەرگێڕان
١٣-الزراعة الحضرية في مركز مدينة أربيل باستخدام نظم المعلومات الجغراقية GIS (رسالة ماجستير).
١٤-مدينـة أربيـل الكبـرى (التحليـل المكـاني لمراحـل النمو- التمدد الحضري لمدينة أربيل للمدة ١٩٤٧-٢٠١٧ (أطروحة دكتوراه).
١٥-پیسبوونی ژینگە- ملخص التلوث البيئي.
١٦-ئیتیکێت- صباح بویا. وەرگێڕان.
١٧-هەرزەکـاری بەبـێ کێشـە- جوزیـف صـابر- وەرگێڕان.
١٨-رحلـة المبشـر الفرنسـی- جـاک ریتـۆري- وەرگێڕان.
١٩-کەریمی عەلەکە فریادڕەسی هەژاران (هاوبەش).

٢٠-پێداچوونەوەی هەردوو بەشی کتێبی (قەندیل بەغدای هەژاند، شەهید رێباز)
٢١-پێداچوونەوەی هەردوو بەشی کتێبی (نرکەی راپەڕین، شەهید رێباز)
٢٢-بەدەیان وتارو لێکۆڵینەوەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە.
٢٣- پێگەی مەسیحییەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، هەولێر ٢٠٢٣.
٢٤- لە سێدارەدانی دار زەیتوونێک.

زمان

- زمانی کوردی و عەرەبی و سریانی بە خوێندن و نووسینەوە دەزانێت و قسەی پێدەکات.
- کەمێک زمانی ئینگلیزی و فارسی

ئەندامیەتی لە کۆمەڵەو سەندیکاکان

- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە
- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە
- ئەندامی کۆمەڵەی حەدیاب بۆ توانستی

- ئەندامی کۆنگرەی یەکەم بۆ داکۆکی کردن لە ئایین و مەزهەبەکانی کوردستان

ئەو پلەو پۆستانەی کە لە ژیانی وەزیفی و سیاسی بینیویەتی:

- ساڵی ١٩٩٤ بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردستان بووە
- ساڵی ١٩٩٤ سەرپەرشتیاری پسپۆری بووە
- ساڵی ١٩٩٥ بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی پەروەردە.
- ساڵی ١٩٩٨ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بووە لە کۆیە (لەدوای رووداوەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦)
- ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشین بووە.

* بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ نوێنەری جەنابی مام جەلال بووە
* دوو خولّ ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بووە.
* پێشمەرگەو نووسەرو وەرگێڕو رۆژنامەنووس و کوردپەروەرێکی خاوەن هەڵوێست بووە.

* چەندین کۆڕو سیمیناری لە سلێمانی و هەولێرو رانیەو کۆیە گێڕاوە.

هەڵوێستی خانەوادەکەیان:

* بە بنەماڵەو خانەوادە خەڵکێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو مرۆڤدۆست و خاوەن هەڵوێستن، لە گوندی (هەرمۆتە)ی مەسیحی نشین، دوو برای پێشمەرگە بوون و خاوەن شەهیدن.
* چەندین جار لەسەر هەڵوێستەکانیان تووشی دەربەردەری و ئاوارەیی و هەڕەشەی لەناوبردن بوونەتەوە.
* ماڵەکەیان لە گوندی (هەرمۆتە) هەمیشە شوێنی حەوانەوەو دانی پێشمەرگەو خەڵکی لێقەوماوو چەوساوەکان بووەو خانەوادەیەکی بە ئەمەکی کوردایەتینە.
* بوونەتە هۆی رزگارکردنی چەندین خێزانی ئەنفال و دەربەردەری عەنکاوەو شوێنانی تر، کە لەلایەن ئەو خانەوادەوە حەوێنراونەتەوەو هاوکاری کراون.

ناوەرۆك

پێشەکی	٥
بەشی یەکەم	
کورتە باسێک لەسەر نێردراوە موژدەبەخشەکان..	١٠
دەوڵەتی ئاتیکان.	١٨
پلەداری پیاوانی ئایینی	٢٥
پەیمانگەی مار یۆحەنا الحبیب لە مووسڵ	٢٧
مەبەست لە دامەزراندنی ئەم پەیمانگەیە	٢٨
قۆناغەکانی خوێندن	٢٩
کارگێڕی و دارایی: (الادارة والمالیة)	٣٢
مەزهەبی کاثولیکی و تایەفەکانی:	٣٣
تایەفەی کلدانی	٣٦
چالاکیەکانی تایەفەی کلدانی نا ئایینی	٣٦
ئەبرەشیەکان	٤١
ئەبەرشیەکانی دەرەوەی عێراق	٤٩
کەنیسەکانی ئەبرەشیەی مووسڵی کلدانی	٦٠
دێرەکان	٦٧
تایفەی سریانی کاسولیک	٧٥
چالاکییە نائاینییەکانی تایەفەی سریان کاسولیک	٧٨

ئەبرەشیەی مووسڵی سریان کاثولیک ٩٢
ڕۆمی کاثولیک ٩٤
ئەرمەن کاسۆلیک ٩٦

بەشی دووەم

مەزهەبی ئەرسۆزوکسی ١٠١
تایەفەی سریان ئەرسۆزۆکسی ١٠٣
(پەیمانگەی مار ئەفرام) ئەلکیریکی بۆ سریان..... ١٠٦
کەنیسەکانی تایەفەی سریان ئەرسۆزوکس ١٠٩
کەنیسەکانی ئەبرەشیەی مووسڵی سریان..... ١١١
پیاوانی ئایینی تایەفەی سریان ئەرسۆزوکس ١١٤
تایەفەی ڕۆمی ئەرسۆزۆکسی ١٢٢
قبتیە ئەرسۆزوکسەکان ١٢٤
تایەفەی ئەرمەنی ئەرسۆزۆکسی ١٢٥
کەنیسەکانی ئەرمەن ١٢٦

بەشی سێیەم

مەزهەبی پرۆتستانتی ١٢٩
تایەفەی ئەنگلیکان ١٣٢
کۆنگرەی کەنیسەکانی جیهان. ١٣٣
هەندێک لە کەنیسەکانی ئەرسۆزوکسی ئەندام..... ١٣٦
کەنیسەکانی پرۆتستانتی ١٣٧
تایەفەی سەبتییەکان. ١٣٨

بەشی چوارەم

تایەفەی ئاسوری ١٤٥

بەشەکانی ڕۆڵەکانی تایەفەی ئاسووری لە ١٥٨

دەزگای ڕاگەیاندنی تایەفە ١٦٠

کەنیسەکانی تایەفەو جەژنەکانیان ١٦١

زنجیرەی بەتریریکەکانی کەنیسەی نەستۆری..... ١٦٤

کەنیسەی ئاسووریەکان ١٧١

یانەکانی تایەفە مەسیحییەکان لە عێراق ١٧٢

نووسەر لەچەند دێرێکدا ١٧٥